نشریه کمیته کردستان حزب کمونیست کارگری ایران
www.iskraa.net
چهار شنبه ها منتشر میشود

# ایسکرا ضمیمه ۹۹۲

دبیر کمیته کردستان نسان نودینیان
Tel: 004915778789846
E-mail: nasan.nodinian@gmail.com

سردبیر عبدل گلپریان
۲۲ خرداد ۱۳۹۸، ۱۲ ژوئن ۲۰۱۹
تلفن تماس با ما Tel: 004915142486244

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم لە کوردستان باسێک سەبارەت بە هێزە ناسیۆنالیستی-ئاینیەکان لەناوچەکە وپێگەی کۆمەڵە

## حەمید تەقوایی



*"متن فارسی این نوشته بعنوان ضمیمه انترناسیونال شماره ۸۱۳ در تاریخ ۲ مه منتشر شده. این متن بوسیله کاوه عمر از کادرهای حزب کمونیست کارگری چپ عراق به زبان کردی ترجمه شده است که بعنوان ضمیمه این شماره ایسکرا ( ۹۹۲ ) منشر میشود.*
***ایسکرا"***

..............................

**ئەم نوسینە لەسەر بنەمای سیمینارێکە کەلە ژێر هەمان ناونیشاندا لە ئەنجومەنی مارکس-ی کەنەدا تۆمارکراوەتەوە.**
**حەمید تەقوایی لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران**
**وەرگێڕانی:کاوە عومەر**

بابەتی ئەم سیمینارە پیگەی کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزمە لەکوردستان. هۆکاری دەست بردن بۆ ئەم بابەتە ئەو قسەوباسانەیە کەلەم دوایانەدا بەهۆی کۆبونەوەی هاوبەشی کۆمەڵەو ژمارەیەک لە هیزو حیزبە ناسیۆنالیست وئیسلامیەکاندا بوبویە جێی باس. ئێمە،کۆمیتەی کوردستانی حیزب،لەگەڵ کۆمەڵە وەکو ڕیکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمیتەی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست و گروپێک بەناوی ڕەوەندی سۆسیالیستی کۆبونەوەی هاوبەشمان هەبوە، بەیاننامەی هاوبەشمان بڵاوکردبویەوە وسیمیناریی‌شمان هەبووە.

لە ڕوانگەی ئێمەوە دانیشتنی هاوبەشی کۆمەڵە لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیستی-ئیسلامیەکاندا لەگەڵ هەڵسوڕانی هاوبەشی ئێمەدا ناکۆک بوو وە ئەوەشمان بەئاشکرا ڕاگەیاند وە بەدوایدا باسگەلێک دروست بوو.

ئامانجی ئەم سیمینارە چونە ناوئەم باسانەو گرفتی هاوشێوەی بەردەوامی هاوکاری ئێمە وە یان پەیوەندی دوو دانیشتن وئاکامەکانی لە پەیوەندی نێوان ئێمەو کۆمەڵەو هیتر نیە.ئامانجی من ئەوەیە بەشێوەیەک لێکۆڵینەوەبکەم لە ئاستێکی قوڵتر و هەمەلایەنتری پێگەی کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم لەکوردستان وناوچەکەدا.

بەبۆچونی من هەلومەرج و بەڵگە سیاسی و بناغەیی ترەکانی ئەوباسانەی کەلەبارەی پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵ هێزە ڕاست وچەپەکاندا باسکراوە ئەگەڕێتەوە بۆ پێگەی نوێی ناسیۆنالیزمی کورد و کۆمۆنیزم لە کوردستان وناوچەکەدا.لەگەڵ لێکۆڵینەوەو ڕۆشنکردنەوەی ئەم بابەتە وەڵام بەزۆرێک لەو پرسیارانەی سەبارەت بە هەڵوێستگیری کۆمەڵە وئەوباسانەی کەلەم بارەیەوە کراون ئەدرێتەوە.

### پێگەی تازەی ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم لەکوردستان

بەرلەهەر شتێک کاتێک باس لە پێگەی ناسیۆنالیزم وکۆمۆنیزم دەکەین لە کوردستان ئەبێت سەرنجمان لای ئەوە بێت کە هەردوکیان، تایبەتمەندی وپێگەی نوێی خۆیان دۆزیوەتەوە.

ناسیۆنالیزمی کورد ئیتر ئەو خەت وبیرکردنەوە باوە نیە کەلە ڕێگەی ئەحزابی وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (پارتی) ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێش بەدەسەڵات گەیشتنیان و پارتی کریکارانی کوردستان لەتورکیا (پ ک ک)ەدا پێش ئاپۆیزم نوێنەرایەتی دەکرا. ئەم هیزانە سیمایەکیان لە ناسیۆنالیزم نیشان ئەدا کە ئەمڕۆ جیگای بنەڕەتی ناسیۆنالیزمی کورد نیەوە هەتا زۆرێک لەهەمان ئەو حیزبە باوانە سیمایەکی تریان لەخۆگرتوە.

ناسیۆنالیزمی کورد لە چەند ڕووەوە گۆڕانی بەسەرداهاتوەو بوەتە وتوویژو دیاردەیەک وبزوتنەوەیەکی گۆڕاوە بە تیئۆری و ئەحزاب وسیاسەتگەلێکی بەتەواوەتی تازەو جیاواز لە ڕابردو.

هەر بەم ڕیزبەندیە کاتێک باس لە کۆمۆنیزم و بەتایبەتی لەڕوبەڕوبونەی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورددا دەکەین مەبەستمان کۆمۆنیستی ئەمڕۆیە نەک کۆمۆنیزمی باو وناسراو کە بە"مافی میللەتان لە دیاری کردنی چارەنوسیخۆیاندا "ڕازی بوون وپەیوەندی خۆیان لەگەڵ'میللەتانی ژێرستەم" دا لەسەر ئەم بنەمایە ڕیکدەخست. سەردەمی ئەم جۆرە کۆمۆنیزمەش بەسەرچوە.بەم پێیە هەڵوێست وسیاسەتی کۆمۆنیستی چ لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەکان لە کوردستانی ئێران-کە بەتەواوەتی بەتەواوەتی پەیوەندیدارە بە هەموو کێشەکانی ئێران-ەوە چ بەئاشکرا لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەم ناسیۆنالیزمە نوێیەدا وتوویژو تیئۆریەکان وخەت وسیاسەتی بەتەواوەتی جیاواز لە کۆمۆنیزمی ناسراو و نەریتی ئەخوازێت کە لە ڕێگەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە نوێنەرایەتی ئەکرێت.مەبەستملە کۆمۆنیزمی کرێکاری حیزبی خۆمان یان ئەو حیزبانە نیە کە ئەمڕۆ

صفحه ۲

آزادی، برابری، حکومت کارگری!

از صفحه ۱

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

خۆیان بەکۆمۆنیزمی کرێکاری ناودەبەن نیە.مەبەستم کۆمۆنیزمیکی جیاوازە کە بەجۆرێکی تر سەیری کێشەی میللی وهەڵاواردن وچەوسانەوە دەکات وە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە،وەڵامێکی تری هەیە وە لە وێککەوتن بە پێگەی ناسیۆنالیزمی کورد وپەیوەندی کوردستان لەگەڵ باقی ئێرانیشدا تێگەشتن ولیکدانەوەو تیڕوانینی جیاوازی خۆی هەیە.

لەم ڕوانگەیەوەیە ئەبێت بڵیت هەم ناسیۆنالیزمی کورد وهەم کۆمۆنیزم کەوتونەتە قوناغێکی نوێ وە فاکتەرێکی بنەڕەتی لە بارودۆخ وهەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆدا لەکوردستان لە ئێران وناوچەکە ڕوبەڕوی ئەم دوو بزوتنەیە بوەتەوە.

هەر جۆرە گەڕانەوەیەک بۆ ڕابردو ئەو دەستەواژەو هەڵوێست وپێناسە تیئۆریانەی نزیک سی ساڵ لەمەوبەرو بەدیاری کراویش سەردەم شەڕی کەنداو ناگاتە هیچ کوێ.بەبۆچونی من شەڕی کەنداو دروست بونی حکومەتی هەرێم خاڵی وەرچەرخانێک بو لە بارودۆخی سیاسی کوردستان وناوچەکەدا .لەو کاتەوەی کە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد لە کوردستانی عێراق بەدەسەڵات گەشتن وە دوای هێرشی دوهەمی ئەمریکاو کەوتنی سەدام وە ئەوبارودۆخە لە سوریاو عێراق هاتە پێشەوە تەواوی کێشەی کورد لەناو بارودۆخ وهەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا جێگیربوو. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە بە هەمان نیشانەوپێودانک ودەستەواژە وەڵامنیە.

### ئاپۆیزم وناسیۆنالیزمی کورد

مۆڵەتم بدەن لە ناسیۆنالیزمی کوردەوە دەست پیبکەم. کاتێک ئەم باسەکرایەوە دەتوانین ئەنتی تێزی کۆمۆنیستیەکەشی ڕۆشندەکەینەوە .

لەم قۆناغەدا ناسیۆنالیزم کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕیان لە هەڵوێست وبۆچون وسیاسەتێکی تازە ناوە کە تیئۆری سێنەکەی عەبدوڵا ئۆجەلانە.لەسەر بنەمای ئەم بۆچونانەیە کە بە ئاپۆیزم ناودەبرێت،ژمارەیەک ئەحزاب لەناوچەکە دامەزراوە کە بەتیبەتی لە تورکیاو سوریا چالاکە.لە تورکیا وەک حیزبێکی سەراسەری چالاکی دەکات ونوێنەریان هەیە لە پەڕلەمان وە لە سێناوچەی سوریا لە سێ ناوچە کانتۆنیان دامەزراندوەو بەشێوەی حکومەتی خۆبەڕیوەبەر کاردەکەن.ئەم حیزبانە بەفەرمی خۆیان بە پەیڕەوانی تیئۆریەکانی ئۆجەلان دەزانن.

لە ئێران وعێراقیش،هەرچەند بەهۆکاریك کە دواتر باسی لێ دەکەم ئاپۆ ئیزم نەیتوانیوە کاریگەریکی ئەوتۆی هەبێت،بەڵام پێوست نیە وەک ئەحیزابێکی دیاریکراو،بەڵکو وەک تێڕوانین و دەزگای هزری و ئاسۆی سیاسی بەفاکتەریکی گرنگ هەژمار دەکرێت کە ئەبێت وەک ئاڵاو پارادایمێکی نوێی ناسیۆنالیزن کورد بخرێتە بەر ڕەخنە ولێکۆڵینەوە.ئەم ئاڵایە چیتر مافی میللەتان لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیاندا نیە،خۆبەڕیوەبردن وجیابونەوەو ئۆتۆنۆمی وهتیتر نیە،تەنانەت فیدرالیزمیش نیە بەمانای کلاسیکی وشەکە.ئەم ئاڵایە ئەم ئاڵایە تەنها لەبەرامبەر زوڵم وهەڵاواردن وکێشەی میللیدا نەکەوتوەتە شەکانەوە بەڵکو داوای بەرەو کوردستان وبەرەو ناوچەکەیان هەیە.

سەبارەت بەڕەخنە لە بۆچونەکانی ئۆجەلان پینج ساڵ لەمەوبەر لە ئەنجومەنی مارکس لە کۆڵن سیمیناریکم لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزمی پۆست مۆدێرنیستیدا هەبو کە بەدرێژی ڕەخنەم لەم بۆچونانە گرت بەو دەلیلە زەرور نیەلەم سیمینارەدا بەشێوەی دورودرێژ بچمەناو ڕەخنە لە ئاپۆیزم.(من لەداهاتودا هەوڵ ئەدەم کە ئەو سیمینارەی کۆڵن بنوسمەوە بڵاوی بکەمەوە)

لێرەدا تەنها تا ئەو ئاستەی کە بۆ ئەنجامگیریەکی سیاسی دیاری کراو لەپەیوەند بە پێگەی ناسیۆنالیزم لەکوردستانی ئێران پیوستە دەت بۆ ڕەخنە لە ئاپۆیزم بەرین.

### کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی و مۆدێرنیتەی دیموکراتی

واچاوەڕوان دەکرێت کەسێک کەلە مۆدێرنتەی کاپیتالیستیەوە تێدەپەرێت بەپێی بنەما کاپیتالیزم بخاتەلاوە بەڵام باسەکەی ئۆجەلان ئەمە نیە. باسەکەی ئەوەیە کە ئەبیت لە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستیەوە بۆ مۆدێرنیتەی دیموکراسی، یان ڕەوەندی دیموکراسی، دیموکراسی بە شێوەی فیدراڵی، تێپەڕێت. کاتێک دیموکراسی جێ مەبەستی خۆی ڕوندەکاتەوە تێدەگەیت کە باس لەسەر دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو خەڵکە وە نەک خستنە لاوەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان! گوایە بنچینەی کێشە و هەڵاواردن وبێ مافیەکان ئەوەیە کە دامەزراوە دیموکراتی ومەدەنی وکۆمەڵایەتیەکان دانەمەزراون وە فیدراڵەکان وکۆمۆنەکان و ئۆرگانە خۆبەڕیوەبەرکان ئیدارەیان بەدەستەوەنیە.پێویستی بابەتی دیکتاتۆریەکان چیە؟سیستەمی ئابوری ئەبێت چۆن بێت؟ئەرکی بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی قازانج چی بەسەردێ؟ڕونکردنەوەیەکی زۆر لەو بارەوە نادۆزیتەوە جگەلەوەی کە ئەبێت جۆرێک ئابوری شارەوانی (کمونال) و خۆبژیو وژینگەناسی هەبێت!تا ئەو شوێنەی کەمن بۆچونەکانی ئۆجەلان وحیزبە شوینکەوتوەکانیم خوێندوەتەوە ئەوە هەموو قسەکانیانە لەبارەی ئابوریەوە.دواتر دێینە سەر بۆچونەکانی ئۆجەلان سەبارەت بە بەرهەمهێنان بەڵام تا ئەوجێگەیەی کە بەتایبەتی پەیوەست دەبێتەوە بەسیستەمی ئابوری هیچ جۆرە تێپەڕ بونێک لە سیستەمی سەرمایەداری نابینین.

تا ئەو جێگەی کە لەناوبردنی دەوڵەت ئەگەریتەوە بۆچونەکانی ئۆجەلان وەکو بۆچونی ئانارشیستەکانە.ڕابەری هزری ئۆجەلان کەسێکە بەناوی مورای دوبچین کە بیرمەن وەیا فەیلەسوفێکی ئەمریکییە.کاتێک دۆبچین لە ساڵی ۲۰۰٦دا مرد ئۆجەلان ئەوی وەک گەرەترین بیرمەندی دونیا ڕیز لێدەگرێت وەخۆی وەک پەیڕەی بۆچونەکانی ئەودەزانێت.

دوبچین لە سەردەمی لاویدا ستالینستە،دواتر بوبە ترۆتسکیست وسەرئەنجام بۆچونەکانی شێوە ئانارشیستی ئەدۆزێتەوە.بیرۆکەی وەلانانی دەوڵەت وخۆبەڕیوەبەری کۆمۆنالی (کمونال) پەوەستە بەدۆپچینەوە.ئۆجەلان لە زیندان کتێبەکانی ئەو دەخوێنێتەوە وە تێزی کۆمەڵگەی کۆمۆناڵی و کۆنفیدراڵی بەبێ دەوڵەت ومیللەت ووڵاتی لەئەو وەردەگرێت.ئەو تێزانە هەموی هی دۆبچینە.کارێک کە ئۆجەلان ئەنجامی ئەدات بەکوردی کردنی ئەو بۆچونانەیە.

### تایبەت مەندی پۆستمۆدێرنیستی بۆچونەکانی ئۆجەلان

پێشتر لەوتارێکدا ڕەخنەم لە ئەڵتەرناتیڤی پۆستمۆدرنیستی بۆ ئایندەی ئێران گرتوە.هۆکاری نوسینی ئەو وتارەم ئەوەبوکە بەشێک لە هێزە قەومی وناسیۆنالیستیی ئێران بۆ نمونە کۆمەڵەی کوردستانی(عەبدوڵا موهتەدی) حیزبی دیموکرات وحیزبی لەگەڵ هەندێک هیزی ناسیۆنالیستی فارس وهیزی نەتەوییەکانی لوڕ تورک وبەلوج وعەرەب وکە گیلویە و بوێر ئەحمەد و هیتر کۆنفرانسی کۆڵنیان بەست وخوازیاری ڕژێمێکی فیدراڵی لەسەر بنەمای بەڕەسمیەت ناسین و پاراستنی شوناسی میللی ونەتەوەی کانی فارس بون.ئەم کۆنفرانەسە لەژێر ناو"دیموکراسی خوازاندا"بەڕێوە چوو بەڵام

صفحه ۳

از صفحه ٢

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

هەم باسەکان وبەیاننامەکەشیان وە هەم پێکهاتەی بەشداربوەکان بە ئاشکرا ئەوەی نیشان ئەدا کە دیموکراسی خواستی ئەم هێزانە لە ڕاستیدا ڕاگرتنی باڵانسێکە لەنێوان موزائیکی جیاوازیی نەتەوەی-مەزهەبیاندایە.
ئەم شێوە دیموکراسیە لەسەر بنەمای هزری پۆست مۆدێرنیستی کۆمەڵگەو مەدەنیەت بنیاتنراوە.ئەمڕۆ زۆرێک لە خاوەن بۆچون وئەکادیمیەکان وفەیلەسوف وبیرمەندە سیاسیە بۆرژوازیەکان کاتێک قسەلەسەر دیموکراسیەت وکۆمەڵگەی دیموکراسی دەکەن مەبەستیان هەمان بنیاد ونەخشەی موزائیکی نەتەوەیی-ئاینی-ڕەگەزییە.
کاری دیموکراسی کلاسیک میللەت-دەوڵەت دروستکردن بوو لە لەبەرامبەر کۆمەڵگەی پاشایی خێلەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا.
بۆرژوازی پێوستی بەهێزی کاری ڕزگاربوو لە کۆتی دەرەبەگایەتی،بە بازاڕێکی هاوبەشی کارو سەرمایە ودەسەڵاتی سیاسی ناوەندی هەبوو.بیرۆکەی میللەت-وڵات لێرەوە سەرچاوە دەگرێت .بەشی تەواوکەری ئەم تێڕوانینەکۆمەڵگەی مەدەنی و بەفەرمی ناسینی هاوڵاتی سەربەخۆ لە وابەستەیی نەتەوەو میللەت وئاینی تاکەکانە.
پۆست مۆدێرنیزم پاشەکشە لەم فەلسەفە سیاسیەدەکات وە کۆمەڵگە دوبارە لەسەر بنەمای پیناسەی میللی نەتەوەیی ئاینی نەژادی پێناسە دەکات وە ڕوندەکاتەوە.فیدرالیزم وکۆنفیدرالیزم جێگە نیازی ناسیۆنالیزمی کوردلەسەر ئەم ناوەرۆک وجێگەیە ئەم پاشەکشەیە لە مەدەنیەت وکۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی هاوچەشن لەگەڵیدا دائەنێت.
پۆست مۆدێرنیزم ناوێک بێ ناوەرۆک نیە بۆ ئەم تێڕوانینە.ناوی ڕاستەقینەی پێش مۆدێرنیزم ویان دوای مۆدێرنیزمە.ناوی ڕاستەقینەی دەرەبەگایەتیە.لەسەردەمی فیئودالیزمدا نەیاندەتوانی ئەم بۆچونانە تیئۆریزە بکەنەوە.بیرمەندو فەیلەسوفی سیاسی یان نەبوو بەڵام لەگەڵ قەشەکان وئۆتۆریتە ئاینیەکان ئینجیل وقورئان قوتابخانەی ئیسلام وقوتابخانەی مەسیحیەت و ئیمامی غەزالی و مارتن لوتەرکینگ وهیتر دونیایان شرۆڤە دەکرد.بەڵام ناوەرۆک و جەوهەری بۆچونەکانیان هەرئەوە بوو کە پۆست مۆدێرنیستەکانی ئەمڕۆ ئەیڵێن وە ئۆجەلان ئەوەی لەژێر ناوی مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا تیئۆریزەکردوە.
ئۆجەلانیش وەک ناسیۆنالیستە فیدرالیستەکان بۆچونەکانی خۆی لەسەر بنەمای پێناسەی نەتەوەیی تاکەکان بنیات ئەنێت بەڵام ڕاشکاو ترو ئاشکراتر لە فیدرالیستەکانی کۆمەڵگە موزائیکیەکان تیئۆریزەدەکات.کۆنفیدرالیزمە دیموکراسیەکەی ئۆجەلان لە ڕاستیدا جۆرە بۆچونێکی ڕەگەزیە - شوناسیە کە سیاسەت وبزوتنەوەکان وئاڵوگۆڕە سیاسیەکان لەگۆشەت بەرگری وپاریزگاری لە شوناسی جیاوازو دروستکراو بۆ تاکەکانی گۆمەڵگەئەبینێتەوە وە ئایدیالیزەی دەکات.
کۆنفیدالیزمی ئۆجەلان هەروەک فیدالیزمی قەومی هەڵاوارد ودوبەرەکی میللی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا ئەکاتە ئەمری سەقامگیری وپیکهاتەی ئەگۆڕێت لەگەڵ ئەم جیاوازیەکە بەپێچەوانەی فیدرالیزمی نەریتی دەستەواژەی وڵات دەوڵەت میللەت هەموو دەنێتە لاوەو مۆدێلێکی خەیاڵی نەتەوەیی وئیتنیکی سەرو وڵات ودەوڵەت-میللەت لەئاسۆی خۆیدا دادەنێ.
ئۆجەلان ئەوجێگەیە دەچێتە پێشەوە کە دەستەواژەی هاوڵاتی وەک کارێکی نەرێنی پەیوەست بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەزانێت وە بەئاشکرا ڕەددەکاتەوە.لە تیروانینی ئۆجەلاندا خەڵکی کۆمەڵگە نەهاوڵاتی ولاتێک بەڵکو تاکێکی بە پێناسەو کەلتور وە نەتەوەو ئاینی جیاوازن کە ئەبێت لە هاوئاهەنگیدابن لەگەڵ یەکتر لە کۆمەڵگەیەکی شارەوانی ئازاد(کۆمۆناڵدا ) بژین.لە ڕوانگەی ئەوەوە کۆمەڵگەی ئازاد کۆمەڵگەیەکە کە ئەو شناسانە بەفەرمی دەناسێت؛هۆز وئاین لەگەڵ پێکەوە ئەبرێن وهاوکار دەبن وە کۆنفیدرالیزم لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.لەم دیدگایەوە مەبەست لە فیدراڵ وکۆنفیراڵ،فیدرالیزمی پارێزگا یان ناوچەیی نیە بەڵکو کۆڵێکە لە ناوەندی خۆبەڕێوەبەری"گەلان"وەیان گروپی قەومی-ئاینی جیاوازە.وەکو نمونە کنفیدراڵی کوردستان لە هاوئاهەنگی نیوان ئیزدیەکان وکوردەکان وسیانیەکان وسونیەکان وشیعەکان وهیتر پێکدێت.ئەم فیدراڵانە لەچوارپارچەی کوردستان پێکدێن وە پێکەوە دەبسرێنەوە وە کۆمەڵگە دیموکراتیزە دەکەن بێ ئەوەی لە هیچ بەشێکدا جۆرێک دەوڵەت دامەزرێنن وەیان بچنەناو دەوڵەتی ناوەندیەوە.
کۆنفیدرالیزمی ئۆجەلان کۆمەڵگەی بەبێ دەوڵەت وبێ وڵات وبێ میللەتە؛بەکورتی نەفیکردنەوەی دەوڵەت ومیلەت-دەوڵەت نەک لەسەر جیهانی نیشیشتیمانی و بەهای جیهانداگری ئینسانی بەڵکو بەپێچەوانەوە،لە گۆشەی تەئکیدکردن لەسەر پێناسی ئیتنیکی و ناوچەیی تاکەکان!
ئەڵبتە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیە تەنها لەسەر کاغەزەدا دەتوانێت بونی هەبێت بەڵام دواتر ئەبینین کە ئەم خەیاڵ پڵاویە لە پێداویستی وهەلومەرجێکی سیاسی دیاری کراو و واقعیەوە سەرچاوەی گرتوە.

### تایبەت مەندی کۆنفیدرالیزمی ئۆجەلان

کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی ئۆجەلان ئەلگۆی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە کە گێی خواردوە بە"مێژوی پڕ شانازی گەلی کورد"ەوە.
ئۆجەلان ئیدیعای ئەوە دەکات کە سەرهەڵدان ولانکەی شارستانیەتی دونیا سۆمەریەکان و قەومەکانی مادن،کە گوایە باوباپیرانی کوردبون،ئەڵێت کوردەکان هەر لەسەرەتای مێژوەوەئارەزوی ژیانی کۆنفیدراڵیان کردوە وە گوایە ئەوەی کە هێچ کاتێک دەوڵەتیان نەبوە هۆکارەکەی ئەوە بوە کە خەڵک خۆیان ویستویانە بەڕیوەبردنی کاروبار بەدەستی خۆیانەوە بێت وە کۆمۆنی بژین.پێشینەیەکی مێژووی دروست ئەبێت لەسەر ئەوبنەمایە کە لەهەزار ساڵ پێش زاینەوە هەتا ئەمڕۆ،سەربەخۆ لەوەی کە سەردەمی کۆیلایەتی وەیان سەدەکانی ناوەڕاست وەیان کۆمەڵگەفیئودالیەکان وەیان کاپیتالیستی و هیتر،کوردەکان بەردەوام دژی میللەت دەوڵەت ودژی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی بون،وەئەنجام وەردەگرێت کە ئەمڕۆ نەک تەنها وەڵامی کێشەی کورد بەڵکو وەڵامی هەموو کیشەکانی هەموو خەڵکی دونیا گرتنەبەری هەمان شێوەی مێژویی کوردە.
جۆرج ئۆریڵ لە ڕۆمانی مەزرای ئاژەڵاندا ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت" هەموولەگەڵ یەک یەکسانن بەڵام هەندێک زیاتر یەکسانن"لیرادا موزائیکەکان هەموو یەکسانن بەڵام موزائیکی کوردەکان زۆرتر یەکسانە.
سەرنج ڕاکێشی ئەم تیئۆریە بۆ هێزو حیزبە کوردیەکان، نەک خواستەجیهانیەکان وەیا دژایەتی لەگەڵ میللەت - وڵات، بەڵکو بەپێچەوانەوە تایبەتمەندیە قوڵە ناسیۆنالیستیەکەیەتی.ناسیۆنالیزم کورد بۆ یەکەمین جار لەمیژودا تیئۆریسینی خۆی دۆزیەوە. یەکەمین جار هزر داڕێژەریکی هەیەکەنەک تەنها بۆ ڕزگاری خەڵکی کورد بەڵکو بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی چارەسەردادەنێت. وە لەهەموی گرنگتر لەم تیئۆریە داڕێژاوەدا وەک دەرئەکەوێت جیهانیەدا،پێگەیەکی چارەنوس سازی بە گەلی پڕشانازی کورد دراوە. بۆرژوازی کورد لەڕاستیدا نەک بەهۆی وەک دەرئەکەوێت گشتی وجیهانیەدا بۆچونەکانی ئۆجەلان،بەڵکو دەلیلی کوردبون خۆی خاوەنی ئەم بۆچونانە،وەنەک بەهۆی خواستی ڕزگاری

صفحه ٤

از صفحه۳

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

مرۆڤایەتی ئاپۆیزم،بەڵکو بە دەلیلی پەیوەندیداربونی ئەم خواستە لەگەڵ پێشینەی پڕ شانازی گەلی کورد،بەرزاکردن پێشوازی لە ئاپۆیزم دەکەن.

لەئێستادا "مۆدێرنیتەی دیمکراتی" ئۆجەلان،بانترخوازی ڕەگەزی ناسیۆنالیزمی کورد شاراوەیە.هەروەک چۆن کە بنەمای مافی مرۆڤەکەی کۆرش شتێک نیە جگەلە گەورەخوازی فارسی. مۆدێرنیتە دیموکراتیکەکەی ئۆجەلان، بەپێچەوانەی ناوەکەی،لەزۆر لایەنی جیاوازەوە دژی سیموکراتی ودژی مۆدێرنیزمە. لیرەدا ماوە نیە هەموو لایەنەکانی شرۆڤەبکەین. تەنها تەنها قسەلەسەر دوو کێشەدەکەم کیشەی ژن وکێشەی ئاین کە بەتایبەت لە بارودۆخی ئێران و وڵاتانیئیسلام لێدراوی ناوچەکە گرنی تایبەتیان هەیە.

### جێگای ئاین ونەریتە ئاینیەکان لە تێڕوانینی ئۆجەلاندا

ئۆجەلان لە کتێبی مەدەنیەت- مانیڤێستی شارستانیەتی دیموکراسی لەپەیوەند بە جیگەی نەریتەکانەوە دەنوسێت:

"بەبێ سودوەرگرتن لە ئاکار نە کۆمەڵاتی بونەوە ئیمکانی هەیەوە نەبەرپوەبردنی کۆبونەوە... کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبێ ئاکار بەمانای ئەوەیە کە ئینسانیش هەروەک دایناسۆرانەی کە لەگەڵ هەبونی هەمو جرەگیاک بۆخواردن کەچی لەناوچون، ڕەچەڵەکی خۆی لەناوبەرێت وەیان ژنگەی جێگەی ژیان جیهان لەناوبەرێت.هەردوکیان تێکڕا کۆتاییاندێت وە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئینسان بگۆڕێت بە جۆرێک لە گیانداران کە ڕەچەڵەکیان بەردەوامی نەبێت.ژینگەشی گەیاندوەتە بەردەم دژواری هەمان پاشکشەی گەورەی ئەخلاقیە"!

وەلە درێژەدا ئاین بەکلیلی هەرەسهێنانی نەریتەکان دەزانێت:

"نابێت خەباتی نێوان زانست وکڵێسا تەنها بە ململانێ لەسەر ڕاستی ودروستی بزانین.پاش ئەم بێنەوبەردەیە،خەباتی گەورەی چینایەتی شاراوە،بەناونیشانی کێشمەکێشێکە لەنێوان کۆمەڵگەی لێوانلێو لە نەریتی کۆن لەگەڵ کۆمەڵگەی ئاشکرای سەرمایەداریدا کە ئەیەوێت پەردەی نەریتەکان فرێداتە دورەوە.کێشە،بێنەوبەردەیەکی ڕووتی نیوان کلیساو زانست نیە.بەشێوەیەکی گشتی لەنیوان دوو سیستەمدا لە گۆڕێدایە.ڕژێمێک کە بەرهەمهێنان تێیدا یاساغ ونەفرەتلێکراوو ئاشکراکراوە،دەست بردن بۆئەوە بە تاوان هەژماردەکرێت و ویژدانی کۆمەڵگە لەدرێژایی مێژوودا چاودێری لەمەکردوە وە ئەویتر پرۆژەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری نوێیەکە بەبێ ناسینی هیچ جۆرە قەدەغەکردنێکی،تاوان ونەفرەتێک،لەماوەی کرانەوەی کۆمەڵگەبەرەوی چەوسانەوەو دەسەڵادایە

ئەم بەرگریە هزریەلە ئاین ونەریتی کۆنی ئاینی،ئەسڵی کۆنەپەرستی"مۆدێرنیتەی دیموکراتیک"ی بەڕیز ئۆجەلان ئاشکرا دەکات.

نەریتێکی ئاینی کە ئۆجەلان خەمی لەدەستدانی دەخوات لەسەرتاسەری مێژوی ئیسنان،لەسەردەمی سۆمەر وهۆزەکانی ماد هەتا ئەمڕۆ،ئامرازی چونەسەری نەزانی وخورافەت وپارێزگاری لەچەوسانەو وکوێلەیەتی وبێ مافی جەماوەری خەڵک لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بووە!ئەمڕۆش وەسیلەیەکی گرنگی چەوسانەوەو دەسەڵاتی سەرمایەداری ئاین ونەریتی ئاینیە.سەروژێرکردنی ئەو ڕاستیانە لەژێر ناوی تێپەڕبون لە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی تەنها ئاماژەی تیپەڕینە بۆ میشک وشکی سەدەکانی ناوەڕاست.

ئەم تێڕوانین وبۆچونە یەکجار کۆنەپەرستانەیەی ئۆجەلان لەوێکەوتنی لەگەڵ ئاین لە سیاسەت و هەڵوێستگیری حیزبە ئاپۆئیستەکانیش خۆی دەرئەخات.لەبەرنامەو پلاتفۆرمی ئەم حیزبانەدا تەنانەت بەرگری و پارزگاری لەبەزهەب وئاینەکان ڕاشکاوانە ڕادەگەینرێت.

بەندێکی بڕیارنامەی دیپلۆماسی کە دواتر زیاتر دەچەمەسەری پاریزگاری لە ئاینی یەزیدیە.وەلە بەرنامەی کۆنفیرالیسزمی دیموکراتیشدا بەرگری و ئاگاداری لە شناسە نەتەوەیی و ئاینی بنەمایەکە،ئاینەکان لە ڕاستیدا بەشێکن لە مۆزایکانی کۆمەڵگەی کۆنفیدرالێن وە وەک شناسی میللی وقەومی ئەبێت بپاریزرێن.

ئەمجۆرە لێکەوتنە لەگەڵ ئاین ئاکامی سیاسی لەڕادەبەدەر کۆنەپەرستانەی هەیە کە ئاکامێکی دامەزراندنی کۆمیتەی دیپلۆماسیە لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکاندا. دەرکەوتنی ناوی ئەو هێزە ئیسلامیانە لە تەنیشت حیزبە ئاپۆییستەکاندا بەرێکەوت نیە.قسەلەسەر دیپلۆماسیەت نیە،لەسەر باشترین وە ئیستراتیجییە کەدوتر دەچمسەری.

### کێشەی ژن

لەبەریەککەوتن لەگەڵ کێشەی ژنانیشدا بەهەمان شێوە بۆچونی کۆنەپەرستانە ئەبینین.بەدڵنیایی کەسێک کە خەمی نەریتی ئاینی بخوات لەبارەی بێ مافی وهەڵاواردنی ڕەگەزی دژی ژنانیش ناتوانێت بۆچونێکی پێشکەوتوخوازانەتری هەبێت.

ڕێگا بدەن سەرەتاجەخت بکەمەوە لەوەی کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە کانتۆنی جەزیرە بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە کە بەشێک لە مافەکانی ژنانی بەفەرمی ناسی بوو.لە کانتۆنەکان ولە ئەحزابی فەلەکی پ ک ک کەشدا ژمارەیەکی زۆر لەژنان لە ئاستی ڕابەرایەتیدا ولەستیەکانی تردا بەشدارن.

ئەوانە لەبەراورد لەگەڵ حیزبە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیە کوردەکاندا هەنگاوێکی ئەرێنیە،بەڵامئەم جۆرە پیشرەویانە تایبەتمەندی تێڕوانینی ئاپۆئیستی ئەم بزوتنەوەیە نیە.بینین ودەرک وتێگەشتن و بۆچونی ئۆجەلان لە دەورو جێگای ژنان لەکۆمەڵگەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ تێروانینە ئاینی-شۆڤێنیستەکاندا.

لە تیروانینەکانی ئۆجەلاندا کەلە کطبێکدا بەناوی مانیڤێستی ئازادی ژن شرۆڤەی کردوە پێگەی ژن وەک دایک،ڕیزی لێدەگیرێت.ئەو ئەڵێت سروشتی ئینسانی لەبنەڕەتدا ژنانەیە چونکە ڕیشەکەی لە داهێنەری ژندایە وەک دایک.

"سروشتی ئینسان سروشتی ژنانەبوو وە بەهۆی لادانی لەم سروشتە ئیتر ژن بە ئیرادەی خۆیی وشوناسی خۆیی بونی نیە...لەگەڵ گەڕانەوە بۆ گەوهەری ژن ئەتوانێت یامەتیدەر بێت بۆ پێکهێنانی سەرلەنوێی ئینسانیەت.".

گەوهەری ژنیش وەک دایک بونی ئەو دەناسرێت.لەڕوانگەی ئۆجەلانەوە<<بەرگری وپارێزگاری ژن لەمنداڵ ئەوی لەزوربەی گیاندارەکان جیاوازتر دروستکردوەژن لەگەڵ فراوان بونەوەی مەینەتی وهەستی دایکایەتیەک کە هەیبوو توانی گیانی بەکۆمەڵی وهاوکاری بنیات بنێت".

ئەمجارەشێوەی ڕێزلێنان لەژن وەکو دایک،کە جیاوازیەکی زۆری نیەلەگەڵ ئەو ریزلێنانەی ئایندا کە بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایەدا نیە،لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردا گرێیخواردوە،ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیەکەی تەواو دەبێت.

ئۆجەلان باوەڕی وایە کە ژنانی پ ک ک ئەبێت <<بنچینەی نەتەوە پەرستی و پابەندبون بەشوێنی لەدایک بون وەک سەرەکی ترین بنەمای ئایدۆلۆژی ڕزگاری ژنان پەسەندبکەن>>

صفحه ۵

از صفحه ٤

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

ئەو لە درێژەدا ئەڵێت ئەبێت لە هەنگاوی یەکەمدا لەگەڵ نەتەوەی خۆیاندا زەواج بکەن وە هەتا کاتێک لە نایەکسانیەکان ولەدزێوی و ئەو پیسیانەی کە نایەکسانی ڕەگەزیان هێناوەتەکایەوەدەستیانبەرنەداوە باشترە لە بەستنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاوانی هاوخەباتی خۆیاندا دوری هەڵبژێرن.
بەرهەڵستی لەگەڵ مۆدێرنیتە لە کەناری ئەم ڕوانگەو بابەتە دواکەوتوانە سەبارەت بە ژنان ولە بەرامبەر ئاین،بۆچونەکانی ئۆجەلان وفەلسەفەی سیاسیەکەی لەگەڵ بۆچونە ڕۆژهەلات لیدراوەکانی وەک ئال ئەحمەد نزیک دەکاتەوە.ئاپۆئیزم لە ڕاستیدا جۆرێکە لە ئال ئەحمەدیزمی کورد.

**زەمینە سیاسی-کۆمەلایەتیەکانی ئاپۆئیزم**

پاش هەرەسهێنانی شورەوی هەموو ئەوبزوتنەوەو حیزبانەی ئۆپۆزۆسیۆنی ڕاست و ئەوانەی خۆیان بە چەپ و مارکسیست دەزانی،بونەپارێزەرانی دیموکراسی. دیموکراسی وبازاڕی ئازاد سەرکەوت بون وە هەر بزوتنەوەو حیزبێک کە هەتا دوێنێ قسەیان لە مافی گەلان ولابردنی هەلاواردنی میللی و چارەسەری کێشەی میللی بە زمان ودەربڕینی چەپ دەکرد،ئالای دیموکراسی یان بەرزکردەوە. ئۆجەلانی کۆنە ستالینیستیش.نەک لە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی، بەڵکو لە پڕوپاگەندەسۆشیالیستیەکانیەوە بۆ"مۆدێرنیتەی دیموکراتیک"تێپەڕی.
ئەم تیئۆریە نوییەلە قوناغێکدا دەخرێتەڕوو کە تیئۆری و ڕیبازانەی لە ڕابردودا بۆرژوازی کورد پشتیان پێدەبەست متمانەی خۆیان لەدەستداوە.پێش ئاپۆئیزم کێشەیمیللەتان وخەبات بۆ لابردنی هەلاوادنی میللی بە چەپدا دەناسرایەوەو هێزە ئۆپۆزۆسیۆنی کورد لە چوارپارچەکەش کە بەزۆری لایەنگری سۆڤێت بون تیئۆری وبۆچونەکانی خۆیان لەبارەی چارەسەری کێشەی میللیەوە لە کۆمۆنیزمی ڕوسیەوە وەردەگرت.لە کەناری حیزبە بەعسیەکان وناسیۆنالیزمی عەرەبی لەژێر ناوی سۆشیالیزم،ناسیۆنالیزمی کوردی لایەنگری سۆڤێتیش جێی باس وە باو بوو وە جێگەی بنچینەیی لەخەبات بۆ'ڕزگاری گەلێ کورد"لەهەر چوار پارچەکەدا پێکهێنابوو.
لەدوای هەرەسهێنانی سۆڤیەت ئەم بارودۆخە بەتەواوەتی گۆڕا،ئەو بۆچون وتیئۆریانە لەدەست چون وبۆرژوازی کور پیوستی بە ڕێبازو سەرچاوەی ئیلهامی بۆچونێکی نوێ هەبوو. لەباردۆخێکی وەهادایە کە ڕابەری پ ک ک، هێزێک کە ساڵانێک بەشێوەی چەکدارانە و پێشمەرگایەتی لەپێناو گەیشتن بە مافی میللی لە شێوەی جیابونەوە ویان خودموختاری و خۆبەڕیوەبردندا خەباتی کردبوو،بەو ئەنجامە دەگات کە ئەم ڕێگە چارانە ناگات بەشوێنێک وە بیرۆکەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بەرز دەکاتەوە.ئەم بۆچونە لە ڕاستیدا جێگرەوەی تیئۆریە باوەکەی مافی دیاریکردنی چارەنوسی میللەتانی بلۆکی سۆڤیەتە.
لەگۆشەنیگای باردۆخی کۆمەلایەتی تایبەتی کوردستان وناوچەکە،ئاپۆئیزم سەرچاوەی لە گەشەی شارنیشینی و گەشەی قورسایی شارەکان لە ئالوگۆڕە سیاسی کۆمەلایەتی و گرنگی پەیداکردنی بزوتنەوەی کرێکاری وتەواوی بزوتنەوە نارەزایەتیەکان لە شارەکاندا. شێوەی باوی هەڵسوڕان ونارەزایەتی ناسیۆنالیزمی کورد بەردەوام پشت بەستوبوە بە دیهاتەکان وکۆمەڵگەی دیهاتی.پیشمەرگە پارتیزانی شاخەکانە وە لەبنەڕەتدا لە دیهاتەکان،لە"خەڵکی ئاوایی"،هێز وەردەگرێت.گەشەی شارنیشینی لە وڵاتەکانی چوارپارچەی کوردستان لە ئاستێکی بناغەییدا ئەم بارودۆخە تێک ئەدات وە کەسێکی وەک ئۆجەلان بەو ئەنجامەدەگات کە ستراتیجی چەکداری بنیاتنراوە بە پیشمەرگایەتی داهاتویەکی نابێت. بەلام پێچانەوەو نیشاندانی ئەم ئەنجامگیریە لە چوارچێوەی ڕیبازو بۆچونێکی جیهانداگرو واوەتر لە کێشەی کورد سەرچاوەی لەو هەلومەرجە سیاسیە جیهانیەی دەیەیی کۆتایی سەدەی ڕابردو وەرگرتوە. پاش هەرەسهێنانی سۆڤیەت دوو سیاسەت و ئاسۆو ڕوانگەی هزری-سیاسی-کۆمەلایەتی زۆری جیهانیە واتە مۆدێلی پشکەوتنی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد لەگەڵ ئالای لیبریالیزم وە لەلایەکی ترەوە ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداری یان سەرمایەداری دەوڵەتی کەلەژێر ناوی سۆشیالیزمدا لە ڕێگەی بلۆکی ڕۆژهەلاتەوە نوێنەرایەتی دەکرا،هەردوکیان شکستاین خواردو بەنبەست گەیشتن.سۆڤیەت هەرەسیهێنا و بلۆکی دیموکراسی لیبریالیش کەلەسەردەمانی شەڕی ساردا وەک بەدیلی کەمپی سۆڤیەت مانای پەیداکردبوو بابەتێتی خۆی لەدەستدا.لەگەڵ هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەلاتدا بلۆکی ڕۆژئاواش مانای نەما.
ئەم بارودۆخەی کەمپی بۆرژوازی-چی سەرمایەداری مۆدێلی بازاڕی ئازاد وە چ سەرمایەداری دەوڵەتی-لەگەڵ جۆرێک لە بنبەستی ڕیبازی سیاسی ڕوبەڕوکردەوە.لەو بۆشاییە فکریەی کە بەهۆی شکستی بلۆکی سۆڤیەتەوە دروست بوبو ڕواڵەتی ترین وبێ مایەترین بۆچون وفەلسەفەدارێژەرانی سیاسی بازاڕیان کرایەوەو "کۆتایی مێژوو"وە" شەڕی شارسانیەتەکان"و'ئەبەدی وئەزەلی بونی سەرمایەداری" بوبویە باسی باو لەڕۆژئاوا لەلایەک پۆستمۆدێرنیزم و فرەکلتوری دیموکراسی موزایکی ولەلایەکی تریشەوە ڕاسیزمی ئاشکرا سەری دەرهێناوزۆرێک لە حیزب و هێزە سیاسیەکان هەتا ئەوانەی کە پێشتر خۆیان بە چەپ وکۆمۆنیست ئەزانی هەوڵیاندا لەقوماشی ئەم بۆچون و ڕیبازانەی پاش شەڕی سارد کلاوێک بۆ خۆیان بدورن.ئاپۆئیزم نمونەو مۆدێلە کوردیەکەی ئەم جۆرە هەوڵ وتەقەلا فکریەیە.بەتایبەت ئەو گروپەلە هێزەکان هێزەکانی ناسیۆنالیزمی کورد کە تیئۆریەکانیان پێشتر لە بلۆکی سۆڤیەت وبەتایبەتیش بۆچونەکانی ستالینەوە سەبارەت بەچارەسەری کێشەی نەتەوایەتی وەردەگرت لە ئاپۆئیزمدا نەک تەنها ڕیگەچارەیەکی دەرکەوتو بۆ چارەسەری کێشەی میللی، بەڵکو ڕێگای نەجاتی مرۆڤایەتیان دۆزیوەتەوە!
وەک دیارە تێکەڵ بونی ئەم دوو کۆنە ستالینیە،بوکچین کە خۆی زادەی ئەزمەی ڕیبازە فکری سیاسیەکانی بورژوازیە لەگەڵ ئۆجەلاندا کە گەشتۆتە کۆتای هێڵی پێشمەرگایەتی بۆ چارەسەری کێشەی میللی،کێش بوە بۆ ڕیگایەک بۆ ڕزگاری نەک تەنها کوردەکان،بەڵکو هەموو دونیا لە"مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی".بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ناسیۆنالیزمی کوردە کە ڕیگایەکی تازەی بۆ ژیانەوەی غرورو شانازی میللی خۆی دۆزیوەتەوە.

**پێگەو ئاکامە سیاسی ئاپۆئیزم**
**لە چوار پارچەکە**

لە ئاستێکی بنەڕەتی وتیئۆریدا دەوڵەتمان ناوێت دەرگای دڵی ناسیۆنالیزمێکەکە هیچکاتێک دەوڵەتی نەبوە وئاسۆیەکیشی بۆ پێکهێنانی نیە.تیئۆریسێنی ئەم بۆچونانە ناتوانێت بۆ نمونە ئیسپانیەک بێت کۆ بۆ جیابونەوەی باسک ویان ئەمڕۆ کەتلۆنیا خەبات دەکات.ویان بۆ نمونە نسیۆنالیستێکی تورک لە ئازەر باینجانی ئێران کە ئیلهامی لە وڵاتی ئازەربایجان کەلە سنوری باکوریەتی وەردەگرێت. ناسیۆنالیزمی کوردەو پێگەیەشی نیەوە هیچکاتێکیش نەیبوە.هیچکاتێک لە دەسەلاتدا نەبوە.بەجۆرێک هاوشێوەی بەنی ئیسرائیلە پیش ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل پێکبهێنن.ئیسرائیل ڕەوایەتی خۆی لە تەورات

صفحه ٦

از صفحه ٥

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم لە کوردستان ...

وسەر زەوی وادە (سرزمین میعاد) وەردەگرن وە ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕابردو داستانی مێژویی گەلی کە گوایە کۆنفیدرالیسمی بێ وڵات و میللەت لە مێژوی پڕشانازیاندا هەڵکەندراوە. سەرچاوەی ئەم بۆچونەش تەنها دەتوانێت تورکیا بێت.ئەم بۆچونە تەنها دەتوانێت لە دڵی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا کەناسیۆنالیزمێکی بەهێزی شەرکەری کوردەو بەهێزترلە سێ پارچەکەی ترئەیەوێت سەرهەڵبدات.لەلایەک دەوڵەتی تورکیا ئەندامی ناتۆو یەکێک لەپایەدارترین و لەڕوی سوپاشەوە بەهێزترین دەوڵەتی ناوچەکەیە وەلەلایەکی ترەوە کوردەکان لەتورکیا کەوتونەتە ژێر توندترین فشاری سیاسی وئابوری وتەنانەت کلتوریش.لەناو ئەم بارودۆخەدا هێزە ئۆپۆزۆسیۆنە کوردەکان وخەڵکی ئەوناوچانەی کەدانیشتوانەکەی کوردن لە تورکیا بەردەوام لەگەڵ توندترین سەرکوت وهێرشی سوپا لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیەوە ڕوبەڕوبونەتەوە.

تێزی ژێرپێنانی دەوڵەت-میللەت ودور خستنەوەی دەوڵەتی ناوەندی"لە ڕەوەندی دیموکراتی کردنی کۆمەڵگە"لەم ڕاستیانەوە سەرچاوە دەگرێت.فیدرالیزمی دیموکراتی بەرلەهەر شتێک نوێنەری نائومێدی بورژوازی کوردی تورکیایە لە بەشداربون لە دەسەڵاتی سیاسیە تەنانەت لە حکومەتێکی خودموختاری شدا.

لەسوریا ئەم بۆچونە مانا وبەکارهێنەری سیاسی پەیدائەکات چونکە دەوڵەتی ئەسەد لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ تەنگژەیەکی سەرتاسەریدا کە ڕیشەکەی لە ڕاپەڕینی خەڵکدابوو کە بەشوێن شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیەوە بوو،ناچار بوو کە دڵنیای بداتە هێزە ئۆپۆزۆسیۆنە کوردەکان وە دەستیان ئاوەڵابکات بۆ پیادەکردنی ئەو جۆرە فیدرالیزمەی ئۆجەلان لەناوچە کوردنیشینەکاندا.

ئەگەرلەتورکیادا ئاسۆیەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی خودموختاری بونی نیە ئەوە لەسوریا بەشێوەی دوفاکتۆ دەوڵەتێک لەئارادا نیە. بەشی سوریای پ ک ک واتە حیزبی یەکێتی دیموکراتی(پ ی د)لە پەیمان وبڕیرنامەیەکدا لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا کانتۆنەکانی پێکهێنا.بەشار ئەسەد،پاش ڕاپەڕینی خەڵکی دیمەشق و شارەکانی تر،بەئامانجی ئەوەی هێزە ئۆپۆزۆسیۆنە کوردەکان پوچەڵبکاتەوە وە بتوانێت سیاسەتی سەرکوتگەرانەی بەرێتە پێشەوە ڕازی بوو بە خۆبەڕیوەبەری ناوچەکورد نیشینەکان قوبوڵ کرد.بەم ڕێزبەندیە لە سوریا تیئۆری ژێرپێنانی دەوڵەت یان نادیدەوەرگرتنی دەوڵەتی ناوەنی،ئەڵبەت هەتا کاتێک کەباڵانسی هێزی ئێستا جێگردەبێت،جێبەجێ دەکرێت.

حیزبە ئۆجەلانیەکان ئەزمونی سوریا وەک نمونەی دروستی تیئۆریەکانی خۆیان دەزانن.لەڕواڵەتدا دەتوانیت چاوپۆشی لە دەوڵەتی ناوەندی بکەیت وە لەناوچە کوردنیشینەکاندا کانتۆنەکانی خۆت پێکبهێنیت وە لەگەڵ داعشدا شەڕ بکەیت و هیتر.بەڵام ئەم گۆڕنکاریە هیچ پەندی نیە بەپەنابردن بۆدیموکراسی ناسیۆنالیزمی کورد وتیئۆری دورخستنەوەی دەوڵەت میللەت و چاپۆشین لە دەسەڵاتی سیاسی و ژێرپێنانی وڵات و هیتر لەلایەن ئۆجەلانەوە.جێگەی واقیعی ئەم گۆڕانی باڵانس و هاوسەنگی هێزی سیاسیە ناپایەدارە کە پاش هێرشی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی بۆ ناوچەکەو بەشوێنیدا ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا وپەرەسەندنی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەدا دروست بوو.سەبارەت بەسوریا ئەبێت سەرنجمان لای ئەو خاڵەش بێت کە ناوچەکوردنیشینەکان لەم وڵاتەبریتیەلە سێ ناوچەی جیاواز وەلەبەر ئەوە لەڕوی جوغرافیاییەوە خودموختاری جا چی بگات بە جیابونەوەو دامەزراندنی میللەت ووڵاتی کورد ئیمکانی نیە. لەبارودۆخێکی وادا تیئۆری بنیاتنراو لەسەر ڕەدکردنەوەی میللەت-وڵات و دامەزراندنی سێ کانتۆن وە یا فیدراڵ ویەکگرتنیان لەژێر ناوی کۆنفیدرالیزمدا مانای نەبێت. دامەزراندنی کانتۆنەکان بەرلەوەی سەرچاوەی لە تیئۆریەکان وبۆچونەکانی ئۆجەلانەوە بێت بەرهەمی هەلومەرجێکە کە لەلایەکەوە ئیمکانی جەغرافیایی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد لە سوریادا بونی نیە. بەڵام لە عێراق بوچونەکانی ئۆجەلان بۆ بۆورژوازی کورد ناتوانێت پەسەندێتی وبەکار هێنەری هەبێت.ناسیۆنالیزمی کورد لە ساڵی ١٩٩١وە حکومەتی هەرێمیی خۆیان هەیە بەتەئکید تێزی"دەوڵەتمان ناوێت"ناتوانێت لەگەڵ مەزاجی ئەودا سازگار بێت. بۆ ناسیۆنالیزمی کوردیش لە ئێران ئەم تێزە پوچە.بارودۆخی سیاسی لە ئێران- کەدواترتێروتەسەل تر باسی لێدەکەم- جەماوەری خەڵک بەهەر ناسنامەیەکمیللی ونەتەوەیی کەبویان دەرکردون،لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا داناوە وهەر جۆرە بێدەنگ دانانێک وهەتا کەمڕەنگ کردنەوەی کاری سەرنگومکردن ئەبێتە هۆی پەراوێز خستن و لەناوچونی ئۆپۆزۆسیۆن.

**ئاکامە سیاسیەکانی ئاپۆئیزم**

لە ڕوی سیاسیەوە یەکەمین نەتیجەی تێزەکانی ئۆجەلان کە نابێت کارمان بەسەر دەوڵەتان ودەسەڵاتی سیاسیەوە هەبێت.

ئۆجەلان نە ئەیەوێت کەسیک سەرنگوم بکات،نە ئەیەوێت شۆڕشیک لە دژی ڕژێمێک ڕیکبخات،وە تەنانەت خوازیاری سەربەخۆی وجیابونەوە وە دامەزراندنی وڵاتێک وەیا دەوڵەت-میللەیی کوردنیە.

لە ڕواڵەتدا تەوەری تیئۆریکی ئاپۆئیزم دژایەتیە لەگەڵ دەوڵەت-میللەت.بەڵام کاتێک دەگاتە سیاسەت ئاشکرا دەبێت دەوڵەتیان بەگشتی سڕیوەتەوەهەتا دەوڵەتی دیاریکراوی ئێستا چاوپۆشی لێبکرێت! تا "ڕەوەندی دیموکراسی"نە لەسەرنگوم کردنی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان،بەڵکو لە ڕێگەی دیموکراتیزەبونی کۆمەڵگە وڕیکخستنی کۆمۆناڵەکانبەشوێندا بگەڕێت.حیزبەکانی فەلەکی پ ک ک لە سوریا وتورکیا هەر بەشوێن هەمان پرۆژەوەن ولەبنەڕەتدا پرۆژەی پژاک-کودار لە ئێرانیش شتێک نیە جگە لە تەنیشت وەستانی کۆماری ئیسلامی.

نەک تەنها لە ئێران بەڵکو لە هەموو وڵاتێکدا خەبات لەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئەڵقەی بنەڕەتی ڕوبەڕوبونەوەی کرێکاران وخەڵکی بێبەش و هاوچارەنوس ولەناویشیاندا خەڵکی ژێرستەم وهەڵاواردنی میللی، لەپێناوگەیشتن بە ڕزگاری و ئازادیە. لەم ڕووەوە خستنەلاوەی"تیئۆری"دەسەڵاتی سیاسی، ئاپۆئیزم ئەگۆڕێت بە پارێزەری سیاسی حکومەتی ناوەندی لە ئێران،ئاپۆئیزم کاتێک دەچێتە ئێرانەوە هەم لەڕوی بەریەککەوتنێک کەلەگەڵ ئاین هەیەتی،هەم لەبەر بەریەککەوتنێک کەلەگەڵ دەوڵەت هەیەتی هەم بەبەدەلیلی ڕەوەندی دیموکراسی وڕەوەندی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە کە جۆرێکە لە تیئۆری گۆڕان.بەتەواوەتی لە تەنیشت هێڵی دویخوردادا ئەوەستێت.

تائەوجێگەیەی پەیوەندی بە چارەسەری کێشەی میللی و ستەمیی میللیشەوە هەیە حیزبەئاپۆئیستەکان بۆچونێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە.هەر بەوشێوەیەی کە ئاماژەم پێدا لە ڕوی بۆچونەوە گۆشەیەکی هەڵوێستی حیزبەئاپۆئیستەکان ئەوەیە کە وشەی هاوڵاتی پەیوەندیداربەمۆدێرنیتەی کاپیتالیستی دەزانن وە ڕەدیدەکەنەوە.وەهەر ئەم بنەمایە بەسە بۆ ئەوەی تا ئەم حیزبانە ڕیگا چارەی دروست وپیشکەوتویان نەبێت بۆ لابردنی ستەمی میللی وکیشەی میللی. چەمک وبابەتی هاوڵاتی و هاوڵاتی بون

صفحه ٧

از صفحه ٦

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

وگەڕانەوە بۆ تاکی کۆمەڵگە وەک هاوڵاتیان هەنگاوێکی گەورەیە لە تێپەڕین لە کۆمەڵگە داخراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی. ئاپۆئیزم مەدەنیەت و بیرۆکەی هاوڵاتی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕەدئەکەنەوە و لە جێگەیدا بەها قەومی وئاینیەکان وەک بنچینە دادەنێت.ئەم بۆچونە نەک تەنها توانی لابردنی هەڵاواردن وستەمی میللی نیە،بەڵکو بە پستبەستن بە شوناسی نەتەوە-میللی تاکەکان هەڵاواردنی میللی جێگیر دەکات وە دەیگۆڕێت بەکاریکی دروستکراوی جێکەوتوو.

**ناسیۆنالیزمی کورد وئاپۆئیزم له ئێران**

لە ئێران ناسیۆنالیزمی کورد لەڕوی سیاسیەوە ئەبێتە دوو بەشە.بەسێکیان لاینگری حیزبی بارزانین وەبەشوێن مۆدێلی عێراقەوەن،بریتین لە حیزبی دیموکراتی کوردستان وکۆمەڵەی زەحمەتکێشانی عەبدوڵا موهتەدی و هەندێک گورپی کوردی ترە.هەمان ئەو هێزانەی کەلە کۆنفرانسی دیموکراسی خوازان لەکۆڵن بەشداربون.

لقێکی تر لقی یەکێتی نیشتیمانیە کە پژاک وکۆدار لە ئێران وحیزبی دیموکراتیک وحیزبی دیموکراتی گەلان لەخۆدەگرێت.

دەستەی یەکەم ناسیۆنالیزمی نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی کلاسیک دەکات وە دەستەی دوهەم ناسیۆنالیزمی ئۆجەلانی.ئەم دودەستەیە لەڕوی دیدگا و تێڕوانینەوە هاو بنەمان بەڵام لقی تاڵەبانی لە بلۆکی ڕوسیە-سوریە-ئێران.یەکێتی نیشتیمانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پەیوەندیەکی باشیان هەیە وە فەلەکی پ ک ک کەش هەرچەند لەناوچەکەدا لەبلۆکی ئەمریکا دەوەستن،دژی کۆماری ئیسلامی نین وە دژایەتی تیئۆریان لەگەڵ وشەی دەوڵەت ڕیگەیان پێ ئەدات کە هێلی سیاسی هاوشێوەی دوی خورداد لە ئێرانیان هەبێت.هەر بەو دەلیلە پژاک نەیتوانیوە لە ئێراندا کاریگەریەکی وایان هەبێت وە لەبەراورد بە هێزە نەریتیە ناسیۆنالیستیەکانی کورد پێگەیەکی پەراوێز تری هەیە.

پژاک لە ساڵی ۱۳۹۳دا کوداری پێکدەهێنێت.ناوی تەواوی کۆدار "کۆمەڵگەی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"نە.لە بەیاننامەیەکدا کە دامەزراندنی کوداریان ڕاگەیاندوە ڕاشکاوانە دەوترێت کە ئەمە حیزبێک وە یان تەنانەت بەرەیەکیش نیە.بەڵکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە.کۆدار ڕایدەگەیەنێت"ەلی کورد بە لەبەر چاوگرتنی ئەزمونی ساڵان بزوتنەوەی شوناس خوازوئازادیخواز" چاوپۆشی لە پێکهێنانی دەوڵەت-میللەت کردوە وە ئەڵتەرناتیڤی خۆی بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی پیشانداوە. ئەڵبەتە ئەم ئەلتەرناتیڤە هەمان کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی وەهاییە کە کودار ئەوی وەک ڕێگە چارەی کێشەی کورد لەئێران دەزانێت و بۆ گەلانی ئێرانیشی بە گونجاو دەزانێت".ئەڵێن کودار بەرهەمی چالاکیەکانی پژاکەبەڵام لە ڕاستیدا شکستی پژاک وەک پرۆژەیەکی سیاسی وتێپەڕین بۆ پرۆژەیەکی بەتەواوەتی خەیاڵ ئامێزوخورافاتی کۆمەڵایەتیە.کودار ئەیەوێت لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕژێمێکی دیموکراتیک دروست بکات!

ئەسڵی هەردوو ماڵەنەریتی وئاپۆئیستیەکەی هێزە ناسیۆنالیستەکانی کورد لەمەدا دەگەن بە پۆستمۆدێرنیزم و دیموکراتیکی- قەومی. ئامانج وخواستی ناسیۆنالیزمی نەریتی کورد کەلە کۆنفرانسی کۆڵن لەڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەندێک ڕیکخراوی تری کورد لەناویاندا ڕیکخراوی عەبدوڵای موهتەدی نوێنەرایەتی دەکوا-وە چەند دەستەیەکی ئیدیعای نوێنەرایەتی گەلی بەلوج و تورکمان و تورک وعەرەب وکەهگیلویەوبویرئەحمەد کەلە کۆنفرانسەکەدائامادەبون- ئەوەبوو کە شوناسی نەتەوەیی وئیتنیکیەکانیان بەفەرمی بناسرێت و هەرکەس لە بەشێک لە ئێراندا دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ خۆی پێکبهێنێت. ئامانجی ئەم نوێنەرە خۆسەپێنانە "گەلانی ئێران" پیکهێنانی فیدرالیزمی کلاسیکە.ئەوەنە بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی ئاپۆئیستیەوە وڵات و میللەتی ئێران ناخەنە ژێر پرسیارەوە-وەهەربەوهۆیەوە هێزە ناسیۆنالیستە فارس و شاخوازەکانیش لەو کۆنفرانسەدا ئامادەییان هەبوو-بەڵام لەڕوی پێداگری لەسەر شوناسە ئەتنیکی و گۆڕینی دیموکراسی بە هاوسەنگی نێوان موزائیکە قەومی-دینی لەگەڵ هێڵی ئوجەلانیش یەک ڕەگیان هەیە.(بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وتاری ئەڵتەرنایڤە پۆست مۆدێرنیستەکان) .

جیاوازی ئەوان لەگەڵ کۆنفیردالیزمی دیموکراتیکی جێگە نیازی پژاک وکۆدار ئەوەیە کە لە چوارچێوەی نیزامی فیدراڵیدا بەشوین ئامانجەکانی خۆیاندا دەگەڕێن ونەک لە چوارچێوەی خەیاڵی بێ دەوڵەت-میللەت لەناوچەکە.بەڵام تەنانەت ئەو فیدرالیزمەش دیسان چەوهەروناوەرۆکی قەومی و ڕەگەزی هەیە. دیموکراسی لە ئێران هەمیشە لەگەڵ ئازادی ئەحزاب وچاپەمەنی ومافەمەدەنی وکۆمەڵایەتیەکان وئازادی سیاسی لێکچوێنراون.لە سۆڕشی مەشروتە بەوشێوەیە بووەوە لەسەردەمی بزوتنەوەی میللی کردنی پیشەسازی نەوت ولە شۆڕشی ٥٧دا خەڵک خوازیاری هەر ئەوئازادیانە بوون.هەر کاتێک هەرکەس قسەی لە دیموکراسی دەکرد لەبەرامبەر دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتداردا بوە وە بۆ گەیشتن بە ئازادیە سیاسی ومەدەنی کۆمەڵایەتی.هێزەکانی سەبە گەڵانی ژێر ستەمیش هەمیشە لە دژی هەڵاواردن و ستەمی میللی و لە دژی دەوڵەتی ناوەندی کە مۆڵەت نادات زمان و کلتوری خۆیان هەبێت وە پیشەسازیەکەیانی لە دواکەوتویدا هێشتوەتەوە هەژارترن لەتەواوی ناوچەکانی ئێران وە هیتر خەباتیان دەکرد.داواکاریان خودموختاری وەیا خۆبەڕێوەبەری و لابردنی هەڵاواردن و ستەمی میللی بوو.

ئەمڕۆ باسی ناسیۆنالیستەکانی کورد لە هەردوو باڵەکەی تر مافی هاوڵاتی بونی یەکسان لەگەڵ ئەوانی ترنیە.مەبەستیان لە ئازادی و دیموکراسیش مافی جیهانی یەکسان نیە بۆ هەموو هاوڵاتیان .ئۆجەلان ڕاشکاوانە وشەی هاوڵاتی ڕەدئەکاتەوە وە ناسیۆنالیزم فیدراڵیش هاوڵاتی نەک وەک ئەندامی کۆمەڵگە بەڵکو وەک ئەندامی هۆز وئاینێکی دیاری کراو پێناسە دەکات وە خوازیاری پێکەوە ژیانی ئەم هۆزو ئاینانەیەلە کۆنفیدراڵیزمیکی نەتەوەی ئەبێت.لێرە هەم لەگەڵ دیموکراسی موزائیکی ڕوبەڕوین.هەموو لە کۆمەڵگەدان بەڵام نەک وەک ئینسانە هاوڕەگ وڕیشەو و هاو ئازار کە خۆشی وناخۆشی،چەوسانەوەو دیکتاتۆری و ڕزگاری وئازادی بۆ هەموو ئەوانە یەکسانن. ئەمجۆرە دیموکراسیە ئەحزاب و دەوڵەتەکانیش نەک لەسەر بنەمای سیاسەتەکان و بابەت و ئامانجی چینایەتیان بەڵکو لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەی و ئاینی و ڕەگەزیان ناساندن و ڕونکردنەوە دەکات. ئۆجەلان ئەم جۆرە دیموکراسیە موزائیکیە هەتا ڕەتکردنەوەی میللەت-دەوڵەت-وڵات پەرەپێداوە وفیدرالیستەکان ئەوەیان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا پێناسە دەکەن.جیاوازیەکە ڕێک لێرەدایە.

**پلاتفۆڕمی سیاسی پژاک کودار**

پژاک وکودار کە کۆمەڵەپەیوەندی "دیپلۆماسی"یان لەگەل دەبەستێت پلاتفۆڕمێکیان بڵاوکردوەتەوە کە بەتەواوەتی تایبەتمەندی دووی خوردای ئەم بزوتنەوەیە ئاشکرادەکات. چەند بەشێکی لەو پلاتفۆڕمە ڕاستەوخۆ لێرەدا بڵاودەکەمەوە.جونکە زۆر ڕاشکاو ئاشرایەو پێوست بەهچ شرۆڤەو

صفحه ۸

از صفحه ۷

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

لێکدانەوەیەک ناکات. "وڵاتی ئێران لەگەڵ بارودۆخی ئێستای خۆی پاش لە تێپەڕینی چل ساڵ کەوتوەتە قوناغی تێپەڕین.ئەزمەی وێرانکەر ئابوری,سیاسی وکۆمەڵایەتی سەرچاوەگرتو لە سیاسەتە هەڵەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بوتە هۆکاری ڕاوەشانێک کە ئاکامەکەی دامایەنگیری میللەتەکانی ئەو وڵاتە وکوردستان".

لەوانەیە چارەسەری کۆتایی وگۆڕانکاری دیموکراسی بەبێ دەوڵەت وهێزی دەرەکیش لەتوانابێت.؛ئەگەر ڕژێمی ئێستا بەگەڕاندنەوەی ماف ،ئازادیەکان وقوبوڵی داخوازی سروشتی گەلان نەبوو،ئەوە گەلان خۆیان ئەبێت بۆ دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکەیان پێشڕەوی بکەن.پاشان سیناریۆی کاولکاری باڵەکان وبزوتنەوەکان مافی خۆسەپاندنیان نیە،ئەمە بە ئاگا هێنانەوەیەکی ئاکاری سیاسەتی دیموکراسی.خەڵک داوا یان سواڵی دیموکراسی لەدەوڵەت ناکەن.بەڵکو بەهەوڵو خەباتی خۆیان بینای دەکەن".

"کۆمیسیۆنی خەڵکی بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان:ئەگەر بڕیارە کێشەناوخۆیەکانی وڵات لە ڕێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت،کۆمەڵگە ئەبێت ڕژێمی ناوخۆ ولایەنە نێونەتەوەیەکان ناچار بکات بە قوبوڵکردنی کۆمیسیۆنی خەڵکی بۆدۆزینەوەی ڕاستیەکان.کەوایە پێکهێنان وئاراستەکردنی کۆمیسیۆنەکانی چارەسەری تەنگژە سیاسی،ئابوری،دیپلۆماسی ولەشکری نێوان کۆمەڵگە ورژێم،کاری بنەڕەتی کۆمەڵگە خۆیەتی".

پێموایەئەم ڕێژەیە لە ڕونکردنەوەی ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ چ جۆرە حیزبێکدا بەرەوڕوین بەسە.هۆشداری ئاکاری ئەداتە کۆماری ئیسلامی کە بەهەڵەکانی ئەم بارودۆخەی ئێستای دروستکردوە دەست بەرداری سیاسەتەکانی ببێت ئەگینا خەڵک خۆیان دیموکراسی دادەمەزرێنن.!کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکان پێکدێت هەتا کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەربکات.

بڕیارە بە وەها سیاسەتێک بابەت وسیاسەتەکانی کۆمەڵگە دیموکراتیزە بکەن! هیچ قسەیکیان بۆ دیاریکردنی ئەرکی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی کە هۆکاری بنەڕەتی سەرکوت و دیکتاتۆری و ڕێگری ئەسڵی سەر ڕیگەی دیموکراسی-تەنانەت هەربەومانا نەگرساوەی جێگە سەرنجی ئەم حیزبانەیە لە ئارادانیە.تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامۆژگاریەکانی ئەوان پەسەند نەکات وە هەروەها"بیەوێت سیناریۆ تێکدەرانەکانی باڵەکان" بەردەوامی پێبدات نابێت قسەیەک لە سەرنگومکردنی بهێریەتە ئاراوە بەڵکو ئەبێت بە پێکهێنانی کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی ڕاستیەکان ئەو بهێڵێنی پەسەندکردنی کۆمەڵگەی دیموکراسی بکەن! حیزبێک کە کاری خەباتی لەگەڵ دەوڵەت ناوەندی و سەرنگوم کردنی ئەوی خستەوەتە لاوە هەموو قسەو بانگەشەکانی سەبارەت بە ڕەوەندی دیموکراسی و وەرگرتنی مافی گەلان وهیتر تۆزی دەم ڕەشەبایە.لە پلاتفۆرم وبەرنامەی پژاک وکۆداردا یەک بەیەک وشەش سەبارەت بە دەستدامالینی سیاسی کۆماری ئیسلامی قسەناکرێت.کۆتایی ڕەخنەیان بە کۆماری ئیسلامی هەڵەکان ونەزانکاری حکومەتە. دانانی ڕەوەندی دیموکراسی لە خوارەوە وراگەیاندنی دروستکردی کۆمەڵگەی دیموکراتیک لە جێی خەبات لە دژی حکومەتی دیکتاتۆر هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دوی خورداد و هێڵی گۆڕانی نیە.پژاک بەکردەوەو فەرمی لە کەناری حکومەتی ئیسلامی و لە خزمەتی جێگیرکردنی دەوەستێت.

### نکوڵی چینایەتی وخەباتی چینایەتی

لە کۆمەڵگەی کۆنفیدراڵ دیموکراتیک کە ئۆجەلان وینای دەکات چینەکان وناکۆکی چینایەتی بونی ڕاستەکی نیە.گوایە گەلان و میللەت وهۆز وئاینەکان چینیان نیە.گوایە بنچینەی بەربەرەکانێ کان ململانێکان لەکۆمەڵگەناکۆکی بەرژەوەندی چینایەتی "نەهامەتی گشتی و موچە فیرعەونیەکان"، نیەبەڵکو ئەوەیە کە مەدەنیەت وهاوڵاتیبون وشوناسی ڕەگەزی تاکەکان لەبەرچاونەگیراوە! ئێوە دەتوانن بەقوڵی ڕەخنە لە دەوڵەت بگرن وە وەک مارکس خوازیاری لەناوبردنی دەوڵەت بیت بەڵام ناتوانیت هەم دژی دەوڵەتیش بێت ودەوڵەت بەگشتی بیت وەهەم دەست دامالین لە دەوڵەتی دیاریکراو وە حازریشت نەخستبێت بەرنامەی کارەکانت.ئەمجۆرە دژایەتی کردنەئایدۆلۆژیە لەگەڵ دەوڵەت ولەهەمان کاتدا پارێزگاری یان لەباشترین دۆخدا بێلایەنی سیاسی لەپەیوەند بە دەوڵەتانیکی دیاریکراودا جگەلە جێخستنی دیکتاتۆریەکانی هەرئیستا مانایەکی تری نیە.

دەستدامالینی سیاسی لەدەوڵەتە بورژوازی یەکەمین هەنگاو بۆ لەناوبردنی چینەکان و لەناوبردنی دەوڵەت-میللەتە.ئاپۆئیزم وەک دەرئەکەویت لە ئەنجامی قوڵبونەوە لەفەلسەفەی سیاسی ئەگات بە لەناوبردنی دەوڵەت-میللەت بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەت خۆی لەکەناری دەوڵەتانێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا دەوەستێت.

بەرواڵەت بەڕادەیەک لایەنگری فیدراڵ و خۆبەڕێوەبەرین وکۆمۆناڵن کە کاریان بەدەوڵەتی ناوەندی نیە!لەیەنگری مۆدێرنیتەی دیموکراتکن بەڵام کیشەیان لەگەڵ ڕیشەی چینایەتیەکانی دیکتاتۆریەتدا نیە.لەدژی مۆدێرنیتەی کاپیتالستین بەڵام کشەیان نیە ڕەخنەیەکیان نیە لە کۆنەپەرستی سەرمایەداری نیە!بەرواڵەت تیئۆری بنیاتنراو لەسەر شوناسی کورد وتورک وعەرەب و بەلوچ و سونی وشیعە وئیزیدی وسەلەفی دموکراتیە،بەڵام ڕوانینیان بۆ هاوڵاتی نادیموکراتیە! کۆنەپەرستی سەرکوتگەرانەیە.

ناوەرۆکی دورخستنەوەی وڵات ومیللەت لە ڕوانگەی ئاپۆئیزمیشدا شتێک نیە جگەلە نکوڵیکردن لەخەباتی چینایەتی. وڵات تەنها یەک سنوری جوگرافیایی نیەبەڵکو ئابوریەکی سیاسی دیاریکراو وە پەیوەندی و بارودۆخ و هاوسەنگی هێزێکی دیاریکراوە لە خەباتی چینایەتیدا.

وڵاتەکان بەرە دیاریکراوەکانی جەنگی کارو سەرمایەن وە جەنگی چینایەتی لە دژی سەرمایەی جیهانی بەبێ دەستدامالینی وڵاتی لە دەوڵەتانی سەرمایەداری جێگای باوەڕنیە.کۆمۆنیستەکان ئینتەرناسیۆنالیستن وە خۆیان بە هاوڵاتی جیهان دەزانن بەڵام لەبیری ناکەن کە بۆ گەیشتن بە دونیایەکی بێ سنور سەرەتا ئەبێت لەناو سنورەکاندا چارەنوسی خۆیان لەگەڵ چینی سەرامەیەداردا یەکلای بکەنەوە.

ئاپۆئیزم بەپێچەوانەی لەجیاتی ڕەتکردنەوەی وڵات و میللەت-دەوڵەت دەگات بە ڕەتکردنەوەی خەباتی چینایەتی. حیزبە ئۆجەلانیەکان قسە لە ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، باشور، باکور واتە کوردستانی باکورو باشورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکەن وە نەک لە کوردستانی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران.بەرواڵەت ئەیانەوێت وڵاتەکان لە ستراتیج و فەلسەفەی سیاسی یاندا بخەنەلاوە بەڵام بەکردەوە خەباتی چینایەتی لە هەر وڵاتێکدا دەخەنەلاوە.وادیارە چوارپارچەی کوردستان دەتوانن دەست بۆ دەوڵەتەکانیان نەبەن وە لە خوارەوە کۆنفیدرالیزمی دیمکراتیەکەیان دامەزرێنن.ئەمە سیاسەت وڕوانگەیەکە کە ڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندی دەوڵەتەکاندا ئەبێت. دیکتاتۆریەکانی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستانیش وەک باقی ناچەکانی ئێران سوپاو بەسیج وسەربازو یاسای تۆڵە ودادگاکانی بەدەستەوەیە،ڕەوەندی دیموکراسی

صفحه ۹

از صفحه ۸

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

لەکوردستان وە یان لەهەر بەشێکی تری وڵاتدا تەنها دەتوانرێت بەسەرنگومکردنی حکومەتی ناوەندی دەستپێ بکات.گۆڕینی ناوی کوردستان بە ڕۆژهەڵات وخۆبەڕیوەبەری بەفیدراڵیش گۆڕانێک لەم ڕاستیانەدا پێکناهێنێت.

پڕاک وکودار بە وەها بۆچون وسیاستانەوە لەپاڵ کۆماری ئیسلامیدا وەستاون.بۆ هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکان ئەمە کارێکی نوێ نیە بەڵام تراژیدیەکە لێرەدایە کە کۆمەڵەش بەپاکانەی دیپلۆماسی بۆتە هاورێی ئەو هێزانە.

**کۆمیتەی دیپلۆماسی**

بەڵگەیەک کەلەم دوایانەدا لەژێر ناوی "بڕیارنامەی کۆتای کۆبونەوەی ١٧ هەمینی کۆمیتەی دیپلۆماسی هاوبەشی حیزب ورێکخراوەکانی کوردستان"دا بڵاوکراوەتەوە واژۆی سی وسێ گروپی ناسیۆنالیستی وئیسلامی شوێنکەوت ویان نزیکی هێڵی ئۆجەلانی لەخوارەوەیدا هەیە. جگەلە پڕاک ورێکخراوەکانی فەلەکی پ ک ک لەناوچەکەدا ژمارەیەک ڕێکخراوی ئاینی وئیسلامی لە ناویاندا کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان حیزبی ئیسلامی کوردستان، فیدراسیونی یەزدیەکانی کوردستان، هاوپەیمانی ئیزیدیەکانی سوریا،یەکێتی سریانی ئەوروپا بڕیارنامەی کۆمیتە دیموکراسیەکەی ئەوانیان واژۆ کردوە.

یەکەمین خاڵ ناوی بێ ناوەرۆکی دیپلۆماسی بۆ ئەم لەپاڵ یەک وەستانەدا. هەتا ئێستا ڕوینەداوە کە هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆن دیپلۆماسیەتیان هەبێت لە نێوان خۆیاندا. دیپلۆماسی بەپەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتر وە یان حیزبە ئۆپۆزۆسیۆنەکان لەگەڵ دەوڵەتەکان ناوی لێ دەوترێت وە نەک هاورایی و هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنەکان کە بەشێوەی ئاسایی لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوە،لەماوەی چەند ساڵێکدا ١٧ کۆبونەوە ڕێکدەخەن وە بڕیارنامەی هاوبەش دەردەکەن.پەیوەندیەکی لەو شێوە لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆندا زیاتر بە هاوپەیمانی وەیان بەرەی هاوبەش وەیان لە هەر بارێکدا بە جۆرێک هاوکاری ناودەبرێت. دیپلۆماسیەت ناوێکی گونجاونیە بۆ ڕێکخستنی کۆبونەوەی بەردەوام ودەرکردنی بەیانان و بڕیارنامەلەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنەوە.

پێکهێنانی کۆمیتەی دیپلۆماسی بۆ هێزە ئاپۆئیستەکان لە ڕاستیدا سیاسەتێکی ستراتیجیە.یەکێک لە شێوەکانی کۆنفیدرالیزمی ئۆجەلان شیوەبەخشینە هەربەم دەستەواژەی دیپلۆماسیەی نیوان هێزەکوردیەکانە. لەپلاتفۆرمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک ڕادەگەنرێت"یەکێک لە ئەرکەبنەڕەتیەکانی میللی فراوانکردنەوەی دیپلۆماسیەتیەکی تەواوەتی لەنیوان کوردەکاندایە". ئەڵێن فیدراڵەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا ئەبێت لەگەڵ یەکدا پەیوەندیەکی ڕێکخراویان هەبێت وە "کۆنگرەیەی دیموکراتیکی میللی ئەتوانێت وەها دەورێک بگێرێت." کۆمیتەی دیپلۆماتیکی ئاوەهایی پێکهاتو لە هێزە ئیسلامی وناسیۆنالیستەکان لە هەرچوار پارچەکە ڕیک هەمان سیاسەت کردەیی دەکاتەوە.بەندەکانی بڕیارنامەی ٣٣ گروپ لەبنەڕەتدا لەبارەی بەپێگەی هێزە ئاپۆئیستەکانەوەیە لە تورکیا وسوریا وعێراق لەژێر ناوی ڕۆژئاوا ورۆژهەڵات وباشور وهیتردایە .بڕیارنامەکە هێزەکوردیەکانی ئێرانیش ئامۆژگاری دەکات کە یەکبگرن.لە ڕاستیدا ئەوەی کە بەدیپلۆماسی ناودەبرێت پەیوەندی نیوان ئەو هێزانەو ڕاگەیاندنی پشتیوانیانە لەیەکتر.ئەمە هێڵێکی سیاسیەو جۆرێک لە هاوپەیمانی وهاوکاری سیاسیە کە ئەبێت بلۆک وبەرەو وەهاوپەیمانی لەدەوری سیاسەتە ئاپۆئیستیەکان ناوێکی بە ناونیشانترە بۆی.ئامادەی هێزە ئیسلامیەکان لەم بلۆکەشدا ڕێک لە هەڵوێستی ئۆجەلانەوە بەرامبەر بە ئاین سەرچاوە دەگرێت.

**بڕیارنامەی کۆمیتەی دیپلۆماسی:**
**ستراتیجی یان تاکتیک؟**

کاتێک بڕیارنامەی٣٣ گوپ بڵاوبوەوە ودواتر ئیمە ڕەخنەمان لێگرت کۆمەڵە ڕایگەیان کەلەو کۆبونەوەو دیاریکراوەدا بەشدارنەبون وە هاتنی ناویان لە خوارەوەی بڕیارنامەکەدا هەڵەیەکی هونەری بوەئەمە مایەی دڵخۆشیەیەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵە بەرگری لە بەشداری لەو کۆمیسیۆنەدا دەکات وە جگەلە هەڵەیەکی هونەری ڕەخنەیەکی تری لێی نیە.

بەشداربونی هێزە ئیسلامی وئاینیەکان لەو کۆمیتەیەدا کارێکی بەرێکەوت نیە.هەربەوشێوەی کە بینیمان لە ستراتیجی پ ک ک و فەلەکەکەیدا هێزە ئیسلامیەکان پیگەی تایبەتیان هەیە. کلتورو ئاکاری ئیسلامی بەشێکی گرنگی مۆدێرنیتەی دیموکراتیە لەبەرامبەر مۆدێرنیتەی کاپیتالیستیدا وئەسەر ئەم بنەمایە ئەبێت ڕیکخراوە ئیسلامیەکان پەیوەندی وهاتوچۆیەکی چالاکیان هەبێت.حکەمرتی ئیسلامیش لەناوەند گرنگ نیە لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی کۆنفیدرالیزمدا هیچ شوێنێکی نیە.لەبەر ئەوە ئەکرێت لەکەناری هێزە ئیسلامیەکاندا بوەستی وە سیاسەتێکی هاوبەش بەریتە پێشەوە.ئەم هێزانلە ڕوانگەی ئۆجەلانەوە بۆ ناوچەکە نەک تەنها پێگەیەکی تایبەتیان هەیە بەڵکو ئەبێت پارێزگاری لەئاین وشوناسی ئاینیش دەکەن.

بەبۆچونی من بەشداری کۆمەڵە لە بلۆکێکی لەو شێوەیەدا بەمانای ئەوەنیە کە کۆمەڵە ئەو تیئۆریانەی لایەسەندە،ئەویش لایەنگری ئاکاری ئاینیە،وەیا وابیردەکاتەوە کە کیشەی کۆماری ئیسلامی نیە بەڵکو ئەبێت خەڵک خۆی دیموکراتیزە بکرێتلە خوارترەوە ئاماژە بەو هەژماردنانە دەکەم کەبەئەم هەڵوێستگیریانە گەشتوە.بەڵام هەر حاڵ ئەم هەژماردنە هەرچی بێت لەم ڕاستیە ناگۆڕێت کە کۆمەڵە بەکردەوە ئاگا یانە یان بێ ئاگیانە لەگەڵ سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەی سەرچاوەگرتو لەئەم بۆچونانەوە هاورایە.

ئەم سیاسەتانە بۆ ناسیۆنالیزمی ئۆجەلانی ستراتیجیە.بۆ پڕاک وکودارو کۆمەڵی ئیسلامی وئیزیدیەکان وهیتر ئەمە کارێکی سیاسی وبناغەییە.ئەیانەوێت بلۆکێک پێکبهێنن تا شوناسی نەتەوەیی وئاینی ورەگەزییان بە فەرمی بناسرێت وەنەک هەر بەرسمی بناسرێت بەڵکو وەک پێوەری سیاسەت وستراتیجی دابنرێت وە دیموکراسیش لەسەر بنەمای ئەو شوناسانە پێناسەبکرێت.واتە هەمان ئامانجێک کە ناسیۆنالیزمی نەریتی،حیزب دیموکرات وعەبدوڵای موهتەدی وئەوانیتر لەو کۆنفرانسەدا بەشوێنیدا ئەگەڕێن.لەوێدا ناوی فیدرالیزم.لێرەدا ناوی کۆنفیدرالیزمە.

من هیچ ڕەخنەیەکم لەوە نیە کە کۆمەڵە تەنانەت لەگەڵ هێزێکی ئیسلامیش دانیشتن هەبێت.ئەبێت بینبین کە ئامانج وناوەرۆکی ئەو دانیشتنە چیە.لەپاش شۆڕشی ٥٧ (٧٩) یشدا کۆمەڵە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا دانیشتنیان هەبوو بەکورتی لە پێگەی هێزەوە.کیشەکە ئەوەیە کۆمۆنیزمێک کە ڕەخنەی لە بزوتنەوە خەت وبەرنامەی سیاسی ئەحزابی ئۆجەلانی نەخستوەتەڕو وە دواتر لە ژێر ناوی دیپلۆماسیەتدالەگەڵ ئەوان وهاوپەیمانە ئیسلامیەکانیاندا،هەتا وەک چاودێر،دانیشت پاش لە دانیشتنیان هەبێت،بەکردەوە ئاو بەئاشی ناسیۆنالیزمی کوردا دەکات.ئەگۆڕدرێت بە هێزێک لەخزمەت بەهێزکردنی ئەم بلۆک و ئەم هەڵوێستگیریە ناسیۆنالیستیە.

بەبۆچونی من دەلیلی بەشداربونی کۆمەڵە تیئۆریە ئاپۆئیستیەکان نیە وە تەنانەت ناسیۆنالیزم نیە.باوەڕناکەم کە ناسیۆنالیزمی جۆری ئۆجەلان تیئۆریەکی جێگا پەسەندی زۆرێک لە کادیانی کۆمەڵە بێت.هەژمارکردنی ورد وکردەیی پراگماتیستی کۆمەڵەی بۆ ئەم سەرولێژیە بردوە.بەوشێوەیە بیردەکەنەوە کە پاش لاوازبونی

صفحه ۱۰

از صفحه ۹

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

حـكـومەتـی نـاوەنـدی لە کـوردسـتـان ئەحزابی چەکداری تازە دێنەمەیدان وە لەسەر ئەم بنەمایەئەبێت لەئەمڕۆوەلە کەناری ئەم هێزانەوە بوەستیت.ئەگەر لایەنی بەرامبەر -هێزیەکانی کەمپی بارزانی-هێزی چەکداری خۆیان هەیە کۆمەڵەش ئەبێت لە کەمپی تاڵەبانی شوێن بگرێت هەتا سەری بەبێ کڵاو نەمێنێتەوە.ئەمە باشترین و گەشبین ترین ڕونـکردنەوەیە کەمن دەتوانم لەکێشـەکەی بدەم بەدەستەوە.

ئەم هەژمارکردنە وردە تەنانەت پراگماتیستیش نیە.دەرک و وێنەکردنی ئەم ڕاستیانە نابێت کێشە بێت کە لەبارودۆخی ڕاپەڕین و هاتنە سەر شەقامی هێزە چەکدارەکان،حیزبێک کە چین و شـەقام وجەماوەری خەڵکی لەگەڵدابێت هێزی چەکداریسی دەبێت هەڵسوڕاوانی هەرئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانە سبەی لەگەڵ لاوازبونی حکومەتی ناوەندیدا چەکدار ئەبن وە لەڕیزی حیزبێکی چەپدا دەوەستنکە هەرلەئەمڕۆوە وشەی دڵ وداواکاری و ئامانجەکانیان لەبەرامبەر هێزە نەتەوەیی وئاینی ناسیۆنالیستیەکاندا نوێنەرایەتی دەکەن.

کۆمۆنیستەکان دەتوانن بە پشت بەستن بەهێزی کۆمەڵایەتی کرێکارانی کوردستانی ئێران کە بەشێکن لە چینی کرێکاری ئێران،لەگەڵ پشتبەستن بە بزوتنەوەی ڕزگاری ژنان کە بەشێکن لە خەباتی ژنانی سەرانسەری ئێران،ویان ئاتەئیستەکان ودژی ئاینەکانی کوردستانیش بەوشێوەیە پایەیی کۆمەڵایەتیان هەبێت کە کاتی خۆی هات چەکدار ببن وە ڕێگەی خۆنمایش کردنی ئەحزابی چەکداری ناسیۆنالیست نەدەن. ئەبێت لەکۆمەڵە بپرسیت بەچ هۆیەک میوانی ناسیۆنالیستەکانن؟ مەگەر کۆمەڵە لە ساڵی ٥٧دا چۆن گۆڕا بەهێزێکی چەکداری بەهێز؟ئیبراهیمی عەلیزادە ساڵی ڕابردو چەند مانگ دوای ئاڵوگۆڕیەکانی دیماه (دیسەمبەر)٩٦ لەگەڵ مندا قسەی دەکرد ئەیوت ئێمە لەماوەی چەند مانگدا لەگەڵ ئەوەدا کە حیزبی دیموکرات تفنگەچی زۆرتری هەبوولە خواروی کوردستان بوینە هێزی یەکەم.ئەمڕۆ کە کۆمەڵگە چەپتر بوەو کۆمۆنیستەکان پێگەیەکی یەکجار یارمەتیدەرتریان لەسەردەمی ٧٩ هەیە بەڕێگەی یەکەم ئەتوانێ وەک هێزێکی چەکداریش بگۆڕدرێت بەهیزی یەکەم لەکوردستان.

بەڵام کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی تری هەیە بۆ ئاڵوگۆڕەکان و بەشوین ستراتیجێکی ترەوەیە.بۆ کۆمەڵەش،وەک هاورێکانی لە "کۆمیتەی دیپلیماتیک"،پەیوەندی نێوان هێزە ناسیۆنالیستی-ئیسلامی تەنها پەیوەندیەکی تاکتیکی و دیپلۆماسی نیە بەڵکو کارێکی ستراتیجیە.کارێکی ستراتیجی هەستانە لە بێ هیوایی لە ئاڵوگۆڕی سەرتاسەری و دەورگێڕان لەو ئاڵوگۆڕانەدا،وە حسابکردن لەسەر ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان .جۆرێک لە"کوردستانی ئێران"دورکەوتنەوەو بە"ڕۆژهەڵات"نزیک بونەوەیە دەربڕینێکی تر بۆ کۆمەڵەش وەک ئەوانەیتری فەلەکی پ ک ک ،سراتیجی ناوچەیی-چوارپارچەیی-،و تاکتیکی سەراسەی-لە پەیوەند لەگەڵ بەدەولەتی ناوەندی-یە.کۆمەڵە بەکردەوە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ وئایندەی سیاسی خۆی نەک ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێران بەڵکو لە ئاڵوگۆڕی ناوچەکەدا ئەبینن وبەشوینیەوەن.

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە:ئایا وەک کۆمۆنیستێک،ئایا وەک کرێکارێک لە کوردستان وهەتا وەک تاکێکی ئازادیخواز،چارەنوسی خەڵکی کوردستانی ئێران ئەبەستیتەوە بە ڕوخانی دەوڵەتی ناوەندیەوە لە ئێران ویان بە ئاوڵگۆڕ لە سێ پارچەکەی تردا؟ئایا سراتیج و ئاسۆی ئێوە ناوچەییە یان لە جوغرافیای سیاسی ئێراندایە وسەرتاسەریە؟ئایا کرێکاری کوردستان بەبەشێک لە چینی کرێکاری ئێران دەزانیت ویان بەبەشێک لە گەلی کوردو ڕۆژهەڵات؟وەڵام بەم پرسیارانەیەکە ئەمڕۆ سنوری نیوان کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم دیاری دەکات.

لە ئێران ئەمڕۆ خەباتی بەردەوام لەکوردستان لەبنەڕەتدا تایبەتمەندی سەرتاسەری هەیە.ئەمڕۆ هەڵسوڕای بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستان ڕوخساری سەرتاسەری بزوتنەوەی کرێکارەیە لە ئێران.ئەو ڕوخسارانەی کەلە ئەهواز هاوڕێی کرێکارانی پۆڵا ڕۆشتبونە ڕیزوەو هاوپشتیان ڕاگەیاند لەگەڵ کریکارانی مانگرتوی هەفتەپەدا.

لەم دوایانەدا نوسینێکی مەجیدی حوسینیم خوێندەوە سەبارەت بە خەباتی خەڵکی مەریوان.وێنەیەکی زیندو ئەدات لە خەباتی ژنان،لە خەبات لە بەرگری لە مافی منالان،خەبات لەدژی تێکدانی ژینگە،جۆرەها لیژنەو دامەزراوەی ئین جی ئۆی نارەزایەتی و هەتا لەبەرگری لە مافی ئاژەڵان و هیتر وهیتر.لەو ڕاپۆرتە کورتەدا لوتکەی ئینسانیەت ولوتکەی جیهانداگری داواکاری و هێوا ئینسانیەکان لە شارێکی بچوکی وەک مەریواندا ئەبینیت.مەریوان تونها نمونەیەکە.هەرکەسێک بەشوین ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی کوردستان لە سەراتاسەتی ئێراندا گەڕابێت وەها بیرکردنەوەیەکی دەبێت.

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستانیش وەکو خەڵکی تاران و تەبرێزو ئەهواز لە دژی مەزهەب،لەدژی هەژاری ونائەمنی ئابوری و بێ مافی وسەرکوت،لەدژی هەر جۆرە هەڵاوادنێک،لەبەرگری لە مافەکانی ژنان ولاوان و خانەنیشینان،لەبەرگری لە ژینگە وتەنانەت مافی ئاژەڵان وهیتر وهیتر هاتونەتە مەیدان.ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە ڕەوا و ئینسانیانیە هەموو شارەکانی کوردستان وشارەکانی ئێرانیشی گرتوەتەوە.لە بارودۆخێکی وادا کۆمۆنیستەکان دەتوانن وەک نوینەرو ئاڵا هەڵگری ئەم داواکاریە ئینسانی وبزوتنەوە مافخوازو پێشڕەوە، هێرشێکی فراوان لە دژی هێزە ناسیۆنالیست وتیئۆریەکان وسیاسەتە ئیسلام پەروەرو پرۆکۆماری ئیسلامیەکانی ئەوانە ڕێکبخەن.کۆمۆنیستیکی وەها دەتوانێت لەگەڵ هەر هێزێکدا باسو گفتوگۆ بکات.

بەڵام کۆمەڵە بەپێچەوانەوە دەجوڵێت.سیاسەتی کۆمەڵە،نەک بەوشێوەی کە بانگەشەدەکات پەیوەندی دیپلۆماسی،بەڵکو هاوڕێی لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیست وئیسلامیەکاندایە کە بەفەرمی و بەکردەوە لە کەمپی کۆماری ئیسلامیدا وەستاون.

وەڵامی کۆمەڵە بەم ڕەخنەی کە بۆچی لەگەڵ هیزە ئیسلامی وناسیۆنالیستیەکان کۆمیسیۆنی دیپلۆماسی تان پێکهێناوە وە بڕیارنامەیەکی لەو شێوەیە دەرئەکەن ئەوەیە کەهەڵەی هونەری بوە.ڕەخنەی سیاسیان نیە.ئەڵێن کۆمەڵە وەک ئەندامی چاودێر لەو وەهاکۆمیتەیەدا بەشدارەو ئەو دانیشتنەی کە بڕیارنامەی جێگەی باسی تیدا دەرچوە بەشدار نەبوەوای دانێین کە کۆمەڵە لەبنەڕەتدا لەوەها دانیشتنێکدا بەشدار نەبوە.پرسیارەکە ئەوەیە کە ڕەخنەتان لە بڕیارنامەی ئاپۆئیستی وسی وسێ لایەنە واژۆکارەکەی چیە؟ناتوانیت لەبەرامبەر تیئۆری وسیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەم هێزانەدا بێدەنگ بێت وەلە بەرگی دیپلۆماسیدا لە ستراتیجی بزوتنەوەکانی تردا نوقم ببیت.

کۆمۆنیستەکان دەتوانن لەگەڵ هێزەناسیۆنالیستەکاندا پەیوەندی ودیالۆگ وقسەوباسیان هەبێت.ئەمە کارێکی سیاسی-دیاریکراوە ناتوانیت لە پیشەوە بڵێیت لەگەڵ ئەوهێزی ناسیۆنالیست یان ئیسلامیدا لەهیچ بارودۆخێکدا ناتوانیت گفتوگۆ بکەیت.لەکۆتاییدا بەومەرجەی وەک بزوتنەوەی کۆمۆنیستی قورسایی خۆتان لەگەڵ بزوتنەوەی چینایەتی هێزەکانی لایەنی گفتوگۆ،لێرەدا ناسیۆنالیزم ولەگەڵ ئەو ئاسۆو ئایدۆلۆژی وسیاسەتەی کەناسیۆنالیزمی کورد لەبەردەم خەڵکدا دای ئەنێ،هاوسەنگ بێت.دیپلۆماسی ئاوەهایی کۆمەڵە بەپێچەوانە،ڕادەست بونی تەواوە بەستراتیج وسیاسەتەکانی ناسیۆنالیزمی کورد.

وەڵامێکی تریان بە ڕەخنەکانی ئێمە سەرڕای هەڵەی هونەری کەبەڕەخنەکانی ئیمەیان داوەتەوە ئەمە بوو کە کۆمەڵە ڕیکخراوێکی کۆمەڵایەتیەو ئەوکۆمۆنیستانەی کە ئەم کەموکوڕیانەی لەئیمەی ئەدۆزنەوە کۆمەڵایەتی نین.

ڕاستە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیە بەڵام دەزانی لەبەرچی؟ لەبەر کۆچی مەریوان،لەبەر ڕاپەڕینی سنە،لەبەر چەکداماڵینی سوپای ڕزگاری لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٥٨ (١٩٨٠). لەبەر داماڵینی چەکی هێزێکی سیاسی کە ئەمڕۆ کۆمەڵە لەگەڵ وەچەکانیدا بوەتە هاوڕێ.کۆمەڵە لەبەر پەیوەندیەباشەکانی لەگەڵ هاوشێوەکانی شیخ عیزەدین حسێنی کۆمەڵایەتی نەبویەوە.هێزێکی کۆمەڵایەتی بوو کەتوانی بە هێزی خۆی کەسانی وەک شێخ عیزەدین بەشوێن خۆیدا

صفحه ۱۱

از صفحه ۱۰

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

ڕاکێشێت.بەهێزەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا دانیشێت وەکاتێک ملیان بەداخوازیەکانیان نەدان وەک دەربڕینی نارەزایەتی گفتوگۆکان بەجێ بهێڵن.سنە بگرێت بەدەستەوە.کۆچی مەریوان ڕێکبخات.قارەمانانی وەک سدیق کەمانگەری هەبێت.کۆمەڵە کۆمەڵایەتیە بەڵام دڵنیابن بەم سیاسەتانە بنکەی کۆمەڵایەتیەکەتان لەدەست ئەدات. هاوڕێی لەگەڵ ناسیۆنالیستەکاندا کۆمەڵەکۆمەڵایەتی ناکاتەوە،بەپێچەوانەوەگۆشەگیرو پەراوێزی دەکات.

هاوڕێی لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیست-ئیسلامیکاندا ناتوانیت بە دیپلۆماسی وهەڵەی هونەری وکۆمەڵایەتین وهیتر پاساو بدەیتەوە.ئەوانە وەڵام نین.

### ئەرکەکانی کۆمۆنیزم لەکوردستان

له کۆتا بەشی ئەم سیمینارەدا ڕێگەم بدەن کە چاوەڕوانیەکان لە کۆمۆنیزم لە کوردستان بخەمە ڕو.ئومێدەوارم کە ئەم باسە کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵە هەبێت.باسەکەی من لەبارەی چەپ وڕاست وهیتر لەو ڕێکخراوەدا نیە.وەک کۆمۆنیستێک ڕوی دەمم دەکەمە کۆمۆنیستەکانیتر.

ئێمە وەک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە کە ڕەخنەیەک کەلەم سیمینارەدا ڕونم کردەوە بۆڕین بە قسەوباسی گشتی.کۆمەڵە وەهەر هێزێکی کۆمۆنیستی ئەمڕۆ دەتوانێت بەپلەیەکی زیاترەوە لە کۆمەڵەی چەند ساڵ دوای ساڵی۷۹گۆڕدرێت بە هێزێکی کۆمەڵایەتی لەئێران وبەتایبەتی وبەدیاریکراویش لەکوردستان‌لەبری ئەوەی بزوتنەوەنارەزایەتیە جەماوەری لەمەیدانە جیاوازەکان لەدەوری هیواو ئامانج وسیاسەتەکانی چەپ پێکهاتوەو دەڕواتە پێشەوە.پێچەوانەی شەپۆل لەکوردستان ناسیۆنالیزمی کوردە.ڕەوتی خەبات لەکوردستان لەبەرژەوەندی ئێمەیە.

لەناو ئەم بارودۆخەدا وەکو سەرخەتی ڕەفتاری کۆمۆنیستی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد دەتوانرێت ئەم خاڵانەی لەخوارەوە هاتوە هەژماربکەیت:

-خاڵی یەکەم لەبارەی ئەرکەکانی کۆمۆنیزم لەکوردستان ڕەخنەی ڕۆشن و ڕاشکاو وقوڵ لە ئاپۆئیزم.لە ئێران ئاین ونەریتەکان وکلتوری ئاینی کە ئاپۆئیزم خوازیاری ژیاندنەوەیەتی دەماری لە ڕۆژگاری خەڵکدا دەرهێناوە.کۆماری ئیسلامی حکومەتی""فاسەکان" وەیا نوینەری"مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی"نیە بەڵکو نوێنەرو پاسەوانی ڕژێمی کاپیتالیستیە کە چل ساڵەبەزۆر ئیسلامی خۆی لەدەسەڵاتدا پاراستوە.وە ئەمڕۆ شارەزایانی جیهانی چینێک کە لەئێران لە ڕێگەی حکومەتی ئاینیەوە نوێنەرایەتی دەکرێت بۆچون وتیئۆریەک دەخەڕو هەتا بۆ ئیسلام وە بەتەواوەتی ئاین لە دەوڵەت وله سیاسەت جێیکەنەوە.ڤیرژنی کوردی ئەم بۆچونانە له ناوچەکه پلاتفۆڕمێکی تازەی داوەتە ناسیۆنالیزمی کورد.

نابێ ڕیگە بدرێت ئەم هەوایە کرێکارانی کورد وەیان کۆمۆنیستەکانی کوردستان لەگەڵ خۆیدابەرێت.نابێت ڕێگە بدرێت خەڵکی کوردستان بەو شێوەیە تێبگەیەنرێن کە گوایە دەردی ئەو کۆماری ئیسلامی وحکومەتی چینایەتی نیە بەڵکو ئەوفارسانەن کە شوناسی ڕەگەزی کوردیان لەبەچاونەگرتوە.ئەم بەڕەیەبپێچینەوە.ئەبێت بەقوڵی پ ک ک و ئاپۆئیزم بخرێنە ژێر ڕەخنەوە.ڕەخنەیەکی وەها گرنگیەکی بەهێز پەیداکردوە.نەک تەنها لەبەر پژاک،کە هەر چۆن بێت دەورێکی پەراوێزی لە ئاڵوگۆڕەکاندا هەیە،بەڵکو لەبەر طێڕوانین وپارادایم وبارودۆخێک کە ناسیۆنالیزمی کورد لە هەموو ناوچەکە دروستی کردوە.

ئێمە لەبەرامبەر مۆدێرنیتەی کاپیتالیستیدا مۆدێرنیتەی سۆسیالیستی دادەنێین.کرێکاری کورد کە ناچارە هەمو ڕۆژێک هەشت کاتژمێر کار بکات وە تازە هەشتەکەشی لە گرەوی نۆدایە لەگەڵ هیچ جۆرە ئابوریەکی کۆمۆناڵ وئەکولۆجیکی ناگەیت بەئازادی. ئێمە بەرگری لە هەموو مافەکانی خەڵکی دەکەین وە پشتیوانی لەهەمونگاوێکیان دەکەین لەپیناوی دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا. بەڵام بە تێپەڕبون لە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی تەنها دەتوانیت بگەیت بەسۆسیالیزم. کەسێک کەنەیەوێت کۆیلایەتی کرێ بخات وایدانێین کە باشترین نیازی دەربارەی دیومکراسیش هەبێت‌ناچارە پشتوێنی لەملی کرێکاران توندبکات.ناتوانیت له ژێری سەرمایە نەدەیت ودیموکرات بیت. تێپەڕین لە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستیەوە بۆ مۆدێرنیتەی دیموکراتیک پوچە. دیموکراسی خۆی ڕیوایەت ودەربڕین ولادانی کاپیتالیستی ئازادیە. لەمۆدێرنیتەی کاپیتالیستیەوە ئەبێت تێپەڕیت بۆ ئازادی.لەمۆدێرنیتەی کاپیتالیستی ئەبێت بۆئازادی تێیپەڕێنیت وە ئازادی واتە گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسان.ئازادی واتە جەبری ئابوری لەسەر ئینسان وەلابنێیت.

سەبارەت بەمەسەلەی میللی ئێمەکۆمۆنیستەکان مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستان بەڕەسمەیەت دەناسین.ئێمە ڕێگەچارەی کێشەی کوردو ستەمی میللیش بەپێکەوە ژیانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی ئێران وەکو هاوڵاتی خاوەن مافی یەکسان دەزانین.

پارێزەری لە مافی هاوڵاتی بونێک کە ئۆجەلان لە جێگەیدا کوردایەتی وڕەگەز پەروەری دائەنێت لەبنەڕەتدا باسی ئێمەیە.ئێمە دەڵێین خەڵکی ئێران سەربەخۆ لە پەیوەندیان بە کورد وعەرەب وتورک وبەلوج وفارس وشیعەو سونە وهیتر ئەبێت لە هەموو بوارەکاندا مافی بەتەواوەتی یەکسانیان هەبێت.نوسین وخوێندن وڕاگەیاندن وهەبونی ئەدەبیات بەزمانی دایک تایبەت بە خەڵکی فارسی زمان نیە، بەڵکو مافی خەڵکی کورد زمان وتورک زمان وعەرەب زمان وئەوانی تریشە. هەربەوشێوەیەلە بابەت کلتورو وجلوبەرگ وبارودۆخ وخزمەتگوزاری ئابوری وکۆمەڵایەتیەوە. بەتەواوەتی نابێت لەهیچ بوارێکدا هیچ هەڵاواردنێک هەبێت.ئەگەر ئەدەبیات وڕادیۆ وتەلەفزیۆن بە زمانی فارسی هەیە بەزمانەکانی تریش ئەبێت هەبێت وە بەفەرمی بناسرێت. سەرچاوەئابوریەکانی وڵات ئەبێتتەرخان بکرێت بۆ هەمووهاوڵاتیان و وە هەموو خەڵکی ئێران ئەبێت لە ستانداردەکانی خۆشگوزەرانی یەکسانی بەهرەمەندبن.

رێگە چارەی ئێمە بۆ کیشەی کوردستان دابینکردنی مافی هاوڵاتیبونی یەکسانە لە هەموو بوارەکانی سەرەوەدا . لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر خەڵکی کوردستان پەسەندیان نەکرد ئەتوانن جیاببنەوە. ئیمە ئەم مافەش بەفەرمی دەناسین. ئیمە یەکەمین حیزبێک بوین کە ڕامان گەیاند ئەگەر لە بارودۆخێکی دیموکراسیدا خەڵکی کوردستان دەنگ بەجیابونەوە بدەن ئەوە بەفەرمی دەناسین. بەڵام ئەگەر لە ئێران مانەوە بناغەی پێگەی ئیوە ە کۆمەڵگەدا بەپیچەوانەی سیاسەت وخواستی فیدراڵیستەکان وکۆنفیدرالیستەناسیۆنالیستەکان، ناسنامەی کوردی وئاینی تان نیە بەڵکو شوناسی ئینسانی ئێوە ویەکسانی تەواوە لەگەڵ باقی هاوڵاتیانی ئێراندا.

ئێمە باوەڕمان وایە هەرجۆرە گەڕانەوەیەک بۆ شوناسە نەتەوەیی میللی، چە لە شێوەی خودموختاری وچ فیدراڵی وهیتر، جیاوازی وهەڵاواردنی میللی چارەسەر ناکات بەڵکو بەپێچەوانەوە تەسبیتیدەکات و وبەدامەزراوەی دەکات.

فیدرالیزمێک کە ناسیۆنالیزمەکان دەیخەنە ڕوو لەمێژودا کارێکی پێشکەوتوانە بوەبەڵام فیدرالیزم بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەو دەوڵەتە گەورەکانی وەک سوئیس وئەلمانیا وئەمریکا.فیدرالیسمیک کە ئەیویست لە بەشەکان ودەستە ڕەگەزیەکان وئاینە جیاوازەکان میللەتێکی وڵاتێک دروستبکات وە نەک فیدرالیزمێک کە ئەیەوێت میللەتی وڵاتەکانی ئێستا دوبارە بگۆڕیتەوە بە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی! ئەم بۆپاشەوە گەڕانەوەیە لە مێژودا وبەمانای تەواوی وشەکە بەتەواوەتی کۆنەپەرستانەیە.فیدرالیزمی قەومی هیچ لایەنێکی پێشکەوتوخوازانەی تێدانیە.

-گۆشەیەکی تری ئەرکەکانی ئێمە جەختکردنەوە لەسەر خەباتی چینایەتیە لە جوغرافیای سیاسی ئێراندا. لەبەرامبەرناوچەگەری ناسیۆنالیستەکاندا، کۆمۆنیستەکان ئەبێت ڕایگەیەنن ڕیشەی کێشەکانی خەڵک لەکوردستانی ئێران،لە هەژاری وبێ مافی

صفحه ۱۲

از صفحه ۱۱

# کۆمۆنیزم وناسیۆنالیزم له کوردستان ...

ودەسەڵاتی ئاینی وسەرکوت ودیکتاتۆری وتوندوتیژی دژی ژنان وهیتر تەنانەت هەڵاواردن وچەوسانەوەی میللی،حکومەتی ناوەندیە لەئێران وە نەک دەوڵەتمیللەت بەگشتی!قسەی کۆمۆنیستەکان ئەبێت بەرگری بێت لە خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵکی ئێران وتەواوی چوارپارچەکە دژی حکومەتە بۆرژوازیەکان بێت.گەلێکی یەک پارچە گوایە چین وناکۆکی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی نیە وشوناسیشوناسە کوردیەکەیان هەموایین هاوچارەنوس کردوە بونی لە دونایی دەرەوەدا بونی نیە.

ریفراندۆم وبەڕەسمیەت ناسینی مافی جیابونەوە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تاکتیکێکی دیاریکراوە،هەر کاتێک خەڵکی کوردستان بیانەوێت دەتوانن جیاببنەوە بەڵام ستراتیجی ئێمە سۆشیالیزمە لە ئێراندا.ستراتیجی ئێمە تەنانەت حکومەتی شورایی نیە لەکوردستان.هەنێک لە هێزە چەپەکان ڕەخنەیان لەگەڵ ئاپۆئیزم و هەموو ناسیۆنالیزمی کورد ئەوەیە خۆازیاری پەڕلەمانی کوردنە لەکوردستان وە نەک شورا.ئەم ڕەخنەیە لەسەر ناسیۆنالیستەکان زۆرە.باسی ئێمە لەسەر شێوازی حکومەت لە کوردستان نیە بەڵکو ئەوەیە کەلەبنەڕەتەوە بۆچی کێشەی دەسەڵات لەدەرەوەی جوغرافیای سیاسی ئێران دەخرێتە ڕوو؟ناتوانی وەڵام بەناسیۆنالیستێک کە گەلان لەجێگای چینەکان نیشان ئەدات ونکوڵی لەخەباتی چینایەتی لەوڵاتێکداو ناوچەگەری ڕەگەزی وەک بنەمای ستراتیجی خۆی داناوە ناتوانێت بەدەسەڵاتدارێتی شورایی لەکوردستان وەڵابداتەوە.وەڵام،شورای سەرتاسەریە لەئێراندا.

-ئەزمونی کارەسات باری حکومەتی هەرێم نمونەیەکی زیندوی کارکردی بۆرژوازی کوردی لەدەسەڵاتدا کە ئەبێت بۆ فێرکردن و وشیارکردنەوەی جەماوەری کوردستان بەکاری بهێنین.لە ڕەخنە لە ناسیۆنالیزمدا کۆمۆنیستەکان ئەبێت ئەم کارنامەیە لەبەرچای هەمواندا دابنێین وە لەژێر خەیاڵ بڵاوکردنەوەکانی گەلی-میللی-قەومی-ڕەگەزی ناسیۆنالیستەکان ڕیشەی چینایەتی نایەکسانیەکان وبێ مافیەکانی خەڵک بهێننە دەرکیسنە دەرەوەو ئاشکرایکەن.ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عێراق نزیکەی سی ساڵە دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەرو فیدراڵیان پێکهێناوە.ئەم کارە بوەتە هۆی ئەوەی هەڵاواردنی میللی کە وەک دەرئەکەوێت هەمو هەموخەمی ئاپۆئیستەکانە لاواز ببیت بەڵام هەواڵێک لە ئازادی و خۆشگوزەرانی ومافی خەڵک نەبێت!

دەوڵەتی"خۆماڵی"دەسەڵاتدارلە ئاکامدا خەباتی نێوان کرێکارو سەرمایەدار بەرجەستەتر بووە.حکومەتی هەرێم ڕۆژگاری خەڵکی تاریک کردوە،گەندەڵی و دزی دەسەڵاتداران و توندوتیژی دژی ژنان و تەنانەت پەنابردن بۆ یاسا وپیرۆزیە ئاینیەکان هاوار دەکات وە ئەم کارە نەفرەت وبێزاریەکی گشتی دامێنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراقی گرتوە.ئەگەر بیرتان بێت لە نارەزایەتیەکانی چەند ساڵی ڕابردودا لە سولیمانی خەڵک لە دژی حکومەتی هەرێم ڕژانە نێو شەقامەکان وە بەشێوەی نمونە دەسەڵاتی حکومەتی یان خستە ناو تابوت وبەخاکیان سپارد.ئەم ئەزمونە لە ڕاستیدا ڕەخنەی کردەیە لەو بۆچونانەی هاوشێوەی ئاپۆئیسمە کە ڕێگە چارەی کۆمەڵگە بە بنیاتنانی فیدراڵی نەتەوەیی وجێگیرکردنی شوناسی میللی وڕەگەزی دەزانێت.

-داوین قسەی ئێمە کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر هەلومەرجی سیاسی وقسەوباسی ناسیۆنالیستەکوردەکاندا جەختکردنەوەمانە لەسەر ئینسانیەتی سۆشیالیستی. ئێمە لەبەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا وەک مارکس دەڵێت"کۆمەڵگەی ئینسانی وئینسانیەتی کۆمەڵایەتی بووە"دادەنێین مارکس دەڵێت ماتریالیزمی کۆن،ماتریالیزمی میکانیکی جۆری فیئورباخ لە کۆمەڵگەی مەدەنی واوەتر ناڕوات،بەڵام خاڵی بەهێزی ئێمە،خاڵی بەهێزی ماتریالیزمی دیالەکتیکی ئێمە کۆمەڵگەی ئینسانیە. کۆمەڵگەی ئینسانی واتە کۆمەڵگەی بێ چین وبێ دەوڵەت.بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئاوەها سەرەتا ئەبێت دەسەڵات لەدەوڵەتە بۆرژواکان داماڵین.ناتوانیت دەسەڵات لەدەستی بۆرژوازیدا بهێڵیتەوەو لەخوارەوە کۆمەڵگە دیموکراتیزە بکەیت.

قسەی ئێمە ئەوەیە کە سۆسیالیزم هەمان ئینسانیەتەوئینسانیەت هەمان سۆسیالیزمە.قسەی ئێمە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستان لە خەڵکی دونیا چاو ڕەشترنین.سک هەڵگوشینی ئابوری ژیانی زۆرینەی خەڵکی گۆی زەوی بەرەو لەناوچون بردوە.ئاین بەتایبەتی لەناوچەکەدا ڕۆژگاری هەموانی ڕەشکردوە. لە ئەمریکاو ڕۆژئاوا دوبارە مەسیحیەتیان هێناوەتەوەمەیدان. ڕاسیزم و ناسیۆنالیزم وناسنامەی دەستکراوو دژی ئینسانی لە هەموو جێگایەک دادوبێداد دەکەن.نەتەوە چێتی دژی ئینسانیە لەبەر ئەوەی نەتەوە گەری بەپێی پێناسەکەی واتە باوەر بون بەوەی کە نەتەوەکەی لەپیشترەوەچاوی لەچاوی ئەوانیتر ڕەشترە.ئەوەی کە ئۆجەلانەکان تیئۆریزەی دەکەن

وە دەرخواردی گەلان ومیللەتانی ئەدەن.ناسیۆنالیزمی فارس مافی مرۆڤ ئەکات، بە میراتی کوڕشی گەورە ناسیۆنالیزمی کوردیش ڕابردوی شارستانیەتی مرۆڤ ئەگەیەنێتەوە بە باپیرانی کوردەکان.بەستنەوەی مافی مرۆڤ بەکۆڕشەوە نیشانەی ڕێزگرتن لە مرۆڤ نیە،ڕێزنانە لە ئیمپراتوریەتی فارس.هەر بەوشێوەیە کە بەستنەوەی لانکەی شارستانیەت بە باوباپیرانی کوردەکانەوە ڕێزدانان بۆ شارستانیەتەکان نیە،ڕێزلێنانە لەنەتەوەی کورد.ئەم بۆچونانە دژی ئینسانیە.

ئەمانە سەرخەتی کارێکە کە ئەبێت کۆمۆنیستەکانی کوردستان ئەنجامی بدەن.ئەمە ئەرکێکە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەردەم خۆیدا دایناوە.ئێمە ئەمانەوێت لەگەڵ هێزەچەپەکانی تردا دانیشتن وگفتوگۆمان هەبێت وە هەمویان بانگەوازبکەین بۆ ئەم هەڵوێستگیری وسیاسەتە.ئێمە خوازیاری پەیوەندین لەگەڵ کۆمەڵە وهەموو ئەو کۆمۆنیستەکانەین کە هاوڕێی وهاوسەنگەرمان دەبن لەم خەباتەدا لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا.کاتێک کۆمەڵە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوە کمنیستەکاندا هەڵنەوەشێنێتەوەو پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا ببڕێت جارێکی تر پیشانی ئەدات کە پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا تاکتیکی و لەگەڵ ئەواندا هاوڕێی ستراتجیە.

من لایەنگری یەکێتی کۆمەڵەم.لایەنگری ئەوەم کە کۆمەڵە هێزێکی ڕادیکاڵ وکۆمەڵایەتی بێت. هەرچەند زیاتر بەو شێوەیە بێت ئەوە لەبەرژەوەندی هەموو چەپ و چینی کرێکارە لە ئێران.من لایەنگری نزیکی وهاوکاری وئیئتیلافم لەگەڵ کۆمەڵە لە کۆتایدا لەدەوری تاکتیکەکان وسیاسەتەکان و هاوپەیمانیەتی لەبەرامبەر ئیسلامیزم،لەبەرامبەر ئاپۆئیزم وبەرامبەر ناسیۆنالیزم لەهەر شێوەڕوخسارێکیدا.

ئێمە ڕامان گەیاندوە لە حاڵەتێکدا کە کۆمەڵە لەپەیوەندیەکانی لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانداپێداچونەوە بکات ئێمە ئامادەی بەرداوامی پەیوەندین.من ئومێدەوارم باسی ئەم سیمینارە لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا کاریگەرێەکی ئەرێنی هەبێت وە جارێکی تر کۆمەڵە لەکەناری هێزە کۆمۆنیستەکان ولەبەرامبەر ناسیۆنالیزمدا ببینم*.

**وەرگێڕانی: کاوە عومەر**

**۲۰۱۹\۵\۲۵**

**تلفن و ای مایل آدرس تماس با سردبیر**

Tel: 00358405758250

E– mail: abdolgolparian3@gmail.com

## سرنگون باد جمهوری اسلامی، زنده باد جمهوری سوسیالیستی!